# بابەتی سیاسی

١. كارەساتی كیمابارانی هەڵەبجە ژمارەی پێوانەی جیهانیی بڕی
٢. ئەو نانە نانە ئەمڕۆ لە خوانە، وەڵامێک بۆ ناوەندی چاک
٣. دەوڵەتی كوردی تاكە ڕێگایە بۆ ڕزگاربوون لە گەمەی مارووپەیژە
٤. شوێنی مرۆڤی كورد لە كێشمەكێشی ناوچەیی و جیهانیدا
٥. بروسكەیەكی پیرۆزبایی بۆ سەرۆكی فەرماندە كاك عەلی عەبدوڵا ساڵح (مشایەخەكان بیپارێزن)
٦. **هەفتەی پەنابەران لە بلاك بێرن** وچەند سەرنجێک
٧. برا كوژی
٨. كورد نە برای هەیەو نە پایزە برا
٩. زەمەن زەمەنی علوجە، سەد خۆزگەمان بە فەللوجە
١٠. سەدام بە دەرپێی كورتەوە سكاڵای بۆ جنێف بردەوە
١١. **دەستوری عێراق تەواوە، گا گورواوە كلكی ماوە**
١٢. كێشەی پەنابەران لەنێوان هۆكاری ئابوری و كۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتیدا
١٣. پەنابەرانی كورد لە بەریتانیا و هەڵوێستی دەسەڵاتی كوردی

## کارەساتی کیمابارانی هەڵەبجە ژمارەی پێوانەی جیهانیی بڕی



کوڕەکانم زۆر سەرسام بوون کاتێک لە کتێبی Guinness World Records 2007 دا چاویان بە ناوی هەڵەبجە کەوت وەک گەورەترین ڕوداوی پەلاماری کیمیاوی کە زۆرترین کەس لە تاکە پەلامارێکدا کوژرابێت. ئەو کتێبە تایبەتە بە ڕوداوو کارەسات و دیاردە سەرسوڕهێنەرەکانی جیهان و هەمووساڵێک چاپێکی نوێی دەکەوێتە بازاڕەوە کە ژمارەی پێوانەیی ئەو ساڵەی تێدایە بۆ هەموو جیهان.
پەلاماری کیمیاوی بۆ سەر هەڵەبجە ئەگەرچی دەقاودەق وەک خۆمان دەمانەوێت لەوێ باس نەکراوە، بەڵام وەک ڕوداوو مەرگەساتێکی گەورە ناوی چوەتە ڕیزی ڕوداوو کارەساتە مرۆییەکانی جیهانەوەو ئەمەش هەنگاوێکی باشە لە بە جیهانی ناساندنی تاوانەکانی جینۆساید دژ بە گەلی کورد.
لەو کتێبەدا باسی کارەساتی جەرگبڕی هەڵەبجە بەمجۆرە کراوە:

زۆرترین ژمارەی کوژراو لە یەک پەلاماری کیمیاویدا
دەوروبەری ٤٠٠٠ کەس لە یەک تاکە پەلاماری چەکی کیمیاویدا کوژران. ئەو قوربانیانە کاتێک لەناوبران کە سەرۆک سەدام حوسەینی ئێراق پەلاماری ئەندامانی کەمایەتی کوردی نێو وڵاتەکەی خۆیدا لە هەڵەبجە، ئێراق لە مانگی ئاداری ١٩٨٨دا.
بیانوی پشتی ئەو پەلامارە سزادانی کوردەکان بوو لەسەر ئەو پشتگیرییەی کە گوایە لە ماوەی شەڕی ئێران-ئێراقدا ١٩٨٠-١٩٨٨ پێشکەشی ئێرانیان کردووە.
دەتوانیت وێنەی ئەسڵی ئەو هەواڵە بە بەدواداچونی ئەو لینکەی خوارەوەدا ببینیت:

http://www.guinnessworldrecords.com/index.asp?ID=46250

سەرچاوە: Guinness World Records 2007
ISBN:139781904994

www.klawrojna.com 8 October 2006
www.kurdistanan.com 9 October 20006
www.kurdistan4news.com 9 October 2006
www.kurdistnnet.org 11 October 2006
www.chak.inf 10 October 2006

## ئەو نانە نانە ئەمڕۆ لە خوانە، وەڵامێک بۆ ناوەندی چاک

ناوەندی چاک وەک ناوەندێکی بەرگری لە جینۆسایدی گەلی کورد هاتۆتە مەیدان و لەم بوارەدا هەوڵەکانی دیارن و ناکرێت نکولیان لێبکرێت، لەسەرو هەمویشیانەوە بە دادگایی گەیاندنی تاوانباری کوردکوژ فرانس ڤان ئانرات. پێویست ناکات من بە شانوباڵی ڕێکخراوی چاکدا هەڵبێنم وەک لای ئێمە باوە کە باسی کەسێک یان لایەنێکت کرد یان دەبێت ئەوەندی پێداهەڵبێنیت تا دەیگەیەنیتە کەشکەڵانی فەلەک یان دەبێت بیکەیت بە قوڕدا.
من دەمەوێت ئەو ناوەندە بە کێش و قەوارەی ڕاستەقینەی خۆی ببینم و چۆنە وەهاش بە خەڵکی دیکەی بناسێنم.

کاتێک لە چەند ماڵپەڕێکدا چاوم بە بانگەوازێکی ئەو ناوەندە کەوت بە ناونیشانی: ناوەندی چاک پشتگیری زیندانییە سیاسییەکان دەکات و داوای دابینکردنی مافەکانیان دەکات، وەک زیندانییەکی سیاسی فەرامۆشکراو بە ئەرکی سەرشانی خۆمی ئەزانم کە چەند تێبینیەکی لەسەر بنوسم.
بە بڕاوی من ئەو بانگەوازو ڕێنومایی و ڕونکردنەوەیە، وەک خۆیان ناویان لێناوە، وەک داواکارییەک جێگای ڕێزە بەڵام کە دێتە سەر مەیدانی واقعی ژیانی ئیداری و سیاسی لە کوردستان زۆر دوورە لە بواری جێبەجێکردن و چەسپاندنەوە. لە کوردستان، زۆر بەداخەوە هەتا ئێستا دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری و تەنانەت ژیانی ڕۆژانەی ناو بازاڕیش هەر بە پێوەری حیزبە سیاسییەکان دەپێورێت و وەک خەڵک ئەڵێن کاکە ئەمڕۆ سەر بە لایەنێک نەبیت هیچت بۆ ناکرێت! ئەوەی کە فەرامۆشە تاکە ڕێگا بۆ دابینکردنی هەرجۆرە مافێکی ئەوەیە کە خۆی بداتە پاڵ لایەنێکی سیاسی ئیتر گرنگ نییە چی بوەو چی کردووە.
من حەز ئەکەم بزانم ناوەندی بەڕێزی چاک ئەو داواکارییەی ئاراستەی کێ دەکات؟ ئەگەر حیزبە سیاسیەکانە، ئەوان زیندانیانی سیاسی خۆیان زۆر لە مێژە قەرەبوو کردۆتەوەو ئەوانەی کە قەرەبو نەکراونەوە دیارە خائین و خۆفرۆش و دوژمنی گەل و حیزبن، ئەگینا بۆ تا ئیستا نەهاتونەتە پێشەوە! ئەگەر ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کورستانیشتان کردووە ئەوا لە باشترین باردا ئەوانیش دیارە هەر داوای تەزکییەی ئەو حیزبە دەکەن کە لەپێناویدا زیندانی کێشاوە و لەم نێوەشدا هەر هەمان تاس و هەمان حەمام دەبینینەوە. خۆ ئەگەر ئاراستەی خەڵکی کوردستانیشتان کردووە ئەوا خەڵکی کوڵۆڵی کورستان بێگومانم هەرچییەکی لەدەست بێت بۆ قوربانیانی خۆی دەکات، بەڵام ئایا چییان بەدەستە؟ ئەگەر ئەو بانگەوازەش هەر خۆزگەیەکی ئاساییە ئەوا منیش ئەو خۆزگەیە دەخەمە پاڵ هەموو خۆزگە دوورەکانی خۆم.
من کاتێک یاداشتەکانی خۆم لە کوردستان نێت ی بەڕێزدا بڵاو کردەوە بە ناونیشانی [لالۆ منیش زیندانی سیاسی بووم!] بە سەدان نامەو پەیام و تەلەفونی دەستخۆشیم پێگەیشت لەلایەن کەسانی دڵسۆزو کوردپەروەرەوە، بەڵام پێمخۆش دەبوو کە کۆمەڵەی زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان یان بەرپرسێکی یەکێتی نیشتمانی کورستانیش کە ئەو سەردەمە لە مەیداندا بووەو ئێستاش چالاکە چاوی هەڵبهاتایەو ئەو یاداشتانەی بخوێنایەتەوە و دەستخۆشییەکی لێبکردمایە بۆ ئەو خەبات و خۆڕاگرییەی ئەو سەردەمە، ئیتر من هیچی ترم لێیان نەدەویست. بەڵام چونکە ئەو نانە نانە ئەمڕۆ لەخوانە هیچ کەس لەوانەی کە ناویان هاتووە و ئێستا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان یان یەکێتی نیشتمانی کوردستان دا دەستیان گۆچان دەگرێت چاویان بەوە هەڵنەهات کە بە بروسکە یان نامەیەک ڕێز لەو خەبات و قوربانییەی ئەو ڕۆژەم بگرێت، ئیتر چ جای قەرەبوو!
من حەز دەکەم وەک ڕاستییەک ئەم مەسەلەیە بخەمە ڕوو ئەگینا هیچ سکاڵایەک ناکەم و نەمکردووەو وەک کورد ئەڵێت ناکرۆزێمەوە! هەرگیز لە دەرگای هیچ کەسێکیانم نەداوەو پێدەچێت ئەوان زیاتر پێویستیان بە من بووبێت. بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانی زۆری منە ئەوەیە کە ئەوانەش کە زۆر پێویستیان پێیەتی هەر هەمان وەڵام وەردەگرن و هەمان مەرج دەیانگرێتەوە.

4October 2006 / http://www.kurdistanan.com

4 October 2006 / http://www.klawrojna.com

5 October 2006 / http://www.kurdistan4news.com

4 October 2006 http://www.nawandihalabja.com/ku

# دەوڵەتی کوردی تاکە ڕێگایە بۆ ڕزگاربوون لە گەمەی ماروپەیژە...

هەموو ئەو نەهامەتیانەی کە بەسەر کورد هاتوون دەرەنجامی بێدەوڵەتییە. کورد وەک هەموو نەتەوەیەکی دیکە سەرەتا لە شێوەی تیرەو خێڵ و هۆزدا خۆی ڕیکخستووە، بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانییە هەر بەو شێوەیە ماوەتەوەو لە بۆتەی نەتەوەیەکی یەککگرتودا نەتواوەتەوە. سەرکردەکان بە دەستکەوتێکی ناوچەیی بچوک قایل

بوون و هەمیشە ترسی ئەوەیان هەبووە کە سەرکردەی خێڵێکی دیکەی کوردی هاوشانی خۆیان بێتە مەترسی لەسەر دەسەڵات و ئەو گەورەیی و پایەیەی کە بەسەر خەڵکی داماوی خوارخۆیاندا بەدەستیان هێناوە. نمونە لەسەر ئەوە زۆرەو ئەگەر کتێبی شەرفنامەی شەرەفخانی بدلیسی یان کوردو کوردستانی ئەمین زەکی بەگ بخوێنیتەوە بۆت دەردەکەوێت کە زۆربەی زۆری سەرکردەکانی کورد لەسەر داوەتی قەل و مریشک بەدەستی براکانیان کوژراون.

لە مێژووی نوێشدا نمونەی لەوجۆرەمان زۆرە. بەداخەوە لە کەسایەتی تاکی کوردا بەئاشکرا دیارە کە کەسێکی هاوزمان و هاونەتەوەی خۆی بە مەترسی دەزانێت لەسەر ئەو دەسەڵات یان شوێن و پایەیەی کە بەدەستی هێناوە یان لە خەیاڵی خۆیدا بۆ خۆی دروستکردووە؛ ئیتر ئەو کەسە کرێکارێک بێت لە دوکانێکی پیتزادا یان لێپرسراوی پەیوەندییەکانی پارتێکی سیاسی بێت. کورد چونکە هەتا ئێستا نەبووەتە خاوەنی کیانێکی سەربەخۆی خۆی و دەوڵەتی کوردی نەبینراوە بوونی خۆیشی وەک نەتەوەیەک وەک پێویست نەناسراوەو هەرشتێکی بەسەربێت وەک کێشەی ناوخۆو کێشەی لاوەکی سەیری دەکرێت و کەمترین سەرنجی دەوروبەرەکەی رادەکێشێت.

دەوڵەتی کوەیت لە بارەی نەتەوەیی و زمانەوە هیچ بیانوویەکی بوونی نییە وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە ئێراق یان لە سعودییە، بەڵام چونکە دەوڵەتێکی سەربەخۆیە هەر دەستدرێژییەکی بکرێتە سەر هەموو جیهان دەهەژێنێت کە دەوڵەتێکی خاوەن کیان و سیادە دەستدرێژی کراوەتەسەر. ئەگەرچی ئەگەر بە ڕوبەری جوگرافی حیسابی بکەین پێدەچێت ئەو وڵاتە هەر ئەوەندەی پارێزگای سلێمانی بێت بە هەموو قەزاو ناحیەکانیەوە. لەبارەی زمان و ئاین و مەزهەب و کولتورەوە هەر بەشێکە لەو ئومەی عەرەبییەی کە لە ئێراق و یەمەن و سعودییە هەن. بەڵام پێویستە ئەوەش بڵێین کە چونکە خەڵکی ئەو وڵاتە دەیانەوێت سەربەخۆبن ئەو دەوڵەت و سەربەخۆییەیان مافێکی ڕەوای خۆیانە و ئێمە لاریمان لێی نییە. لێرەدا ئەو مەسەلەیە دێتە پێشەوە کە گرنگ نییە دەوڵەت چەندە گەورە یان بچوک بێت. گرنگ نییە نەتەوەیەک یەک دەوڵەتی نەتەوەیی یەکگرتووی هەبێت یان چەند دەوڵەتێکی بچوک و گەورەو مامناوەندی. دیارە پێویستە ئەوە بڵێین کە کورد مافی خۆیەتی خەبات بۆ دەوڵەتێکی یەکگرتووی نەتەوەیی بکات بە هەموو ئەو ناوچانەوە کە خۆیان بە کورد دەزانن و ئارەزوی یەکگرتنەوە دەکەن. کورد مافی خۆیەتی لە سنوری پارچەیەکیشدا داوای ناوچەکانی دیکە بکاتەوە وەک کەرکوک و خانەقین و موسڵ لە باشوری کوردستان، بەڵام من لەو باوەڕەدا نیم کە ئەگەر ئەو ناوچانە ئەمڕۆ نەکەونە ناو سنوری دەوڵەتێکی کوردییەوە ئیتر دواتر ناتوانرێت باسیان بکرێت یان وەک دەڵێن یان کەرکوک و خانەقین یان تا ماوین دەجەنگین بیانوو بێت بۆ دروست نەکردنی دەوڵەتێکی کوردی.

ئەگەر سەرنجی مێژووی کورد بدەین هەمیشە خەباتی کردووە بۆ سەربەخۆیی و ئازادی. سەرکردەی قارەمانی هەبووەو پێدەچێت لە زۆر نەتەوەی دیکە زیاتر لەخۆبوردوو خەباتکارو خۆڕاگربووبن. زۆرکەس خۆیان بەوەوە خەریک دەکەن کە گوایە فلان قۆناغ خەتای فلانە سەرکردەیەو فلانەکەس خیانەتی کردو ڕەنجی کوردی بەبادا. ئەم قسانە بۆ زۆرکەس مایەی نەزانی و کولۆلییەو بۆ هەندێکی دیکەش دەرەنجامی بیانووی سیاسی و ململانێی حیزبایەتییە. من لەو باوەڕەدام کە هەوڵ و خەباتی زۆر کراوەو دەکرێت بەڵام گرێکوێرەی کێشەی کورد لەوەدایە خەباتەکەی تاڕادەیەکی زۆر بێبەرنامەو هەڕەمەکییە. وەک نوسەرێکی ئینگلیز دەڵێت کوردەکان هێرشبەری چاکن، کە دەستیان دایە پەلامار کەم هێز دەتوانێت بێتە لەمپەر لەبەردەم هێرشیاندا، بەڵام ناتوانن بەرگری بکەن و لەو بارەدا تووشی پاشەکشەی خوێناوی دەبن. لێرەدا دەردەکەوێت کە بەداخەوە خەبات و کۆشش و ماندووبوونی کورد هەمیشە وەک مارو پەیژە وابووە. هەرچییەکی بەدەست هێناوە دواتر مارەکە خواردویەتی و نە سەرکردایەتی کوردی دەرکی بە کێشەکە کردووەو نە خەڵک و نە لایەنە سیاسیەکانی دیکەش.

سەرکردایەتی شۆڕش یان ڕاپەڕینەکە هەمیشە گلەیی لە دەرودراوسێ و دەوڵەتە گەورەکان کردووە و لایەنە سیاسییە ڕکەبەرەکانیش ئۆباڵی هەموو نەهامەتییەکانیان کردۆتە ملی لایەنەکەی دیکەو خۆیان کردووە بە

مەهدی چاوەڕوانکراو[1]و ووتویانە ئێمە ڕزگارتان دەکەین. خەڵکەکەش بووە بە چەند بەشێکەوە: هەندێکیان ووتوویانە لایەنی یەکەم ڕاست دەکات و هەندێکی دیکەیان ووتویانە لایەنی دووەم و بەشی سێهەمیشیان بەتەواوی نائومێد بوون و ووتویانە ئەو کاتە نەکرا تازە هەرگیز ناکرێت.

دەتوانین بڵێین دەوڵەتێکی کوردی خاوەن سنورو ئاڵاو متمانەپێکراو لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە تاکە ڕێگایەکە بۆ دەرهێنانی کێشەی کورد لە گەمەی مارویەیژە. بەبێ دەوڵەت بەدەستهێنانی دەیان دەستکەوتی گەورەو گران و بڕینی چەندەها ماوەو کێوو هەرد لە ئەنجامدا هەر دەبێتە خواردنی مارو ئێمەش دەبێت کاڵەک بە ئەژنۆ بشکێنین.

ڕوونتر و کۆنکرێتیانەتر بڕوانینە ڕاستییەکان ئەوە ماوەی ١٥ ساڵە باشوری کوردستان تاڕادەیەکی زۆر سەربەخۆیە. لەنێو خۆماندا حکومەتی هەیەو هەندێک جار زیاد لە یەک حکومەتیش، بەڵام دەوڵەت نییە. وەک بینیمان لەسەر کێشەی ئاڵایەک چ هەراو هۆریایەکیان نایەوە. تورکیا هەر ڕۆژە بیانویەک دەگرێت و ئێران هەر ڕۆژە جۆرە کێشەیەک دەنێتەوە و ئەوە بۆ ئومەی ئەرەوی هەر مەپرسە. ئەی دەوڵەتە گەورەکان دەڵێن چی؟ کورد لە دڵی خۆیدا خۆی بە هاوپەیمان و دۆستی دەستە ڕاستی ئەوان دەزانێت و ئەوانیش زۆر بەداخەوە پێدەچێت هێشتا ئۆتۆنۆمی بە زۆر بزانن بۆ کوردستان.

ئێمە بۆ ئەو مەبەستە دەتوانین نمونەی زۆر بهێنینەوە. ئەمریکا لە باکوری ئێراق زیاتر ناوی کوردستانی بە دەمدا نایەت لەکاتێکدا هەر لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠ەوە ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی دانپێدانراوە. بەریتانیا بێجگە لە باکوری ئێراق، بۆ مەبەستی ناردنەوەی پەنابەرە کوردەکان بۆ کوردستان، دانی بە ئۆتۆنۆمی و کورددا ناوەو دەڵێت ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردەکان[2] (Kurdish Autonomous Zone)KAZ دیارە ئەگەر خۆمان نەخەڵەتێنین دەوڵەتانی دیکەش لەوەباشترمان پێناڵێن. بەڵام ئێمە پێویستە بەر لە هەموو کەس گلەیی لە خۆمان بکەین و نە هێندە چاوەڕوانی کەس بین و نە هێندەش دوای نابەکامی گلەیی لە خەڵک بکەین.

پەشیماننامەکەی کاک فەلەکەدین کاکەیی لە گۆڤاری گوڵاندا و ڕاگەیاندنەکانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە تەنانەت ئەو فیدراڵییەش، کە تا ئێستا کەم عەرەبێک دانیپێدادەنێن، ناتوانێت چارەی دەردەکانی ئێمە بکات و ئێمە پێویستە لە خۆمان بپرسین لەگەڵ کێ دەچینە ناو حوکومەتێکی فیدراڵییەوە!؟ فیدراڵییەت پێویستی بە لەیەکگەیشتن و هاوتایی و هاوئاهەنگی و ڕێزگرتنە لە هەموو لایەک؛ کە دیارە ئەوە لەناو سنوری دەوڵەتی ئێراقیدا و لەگەڵ ئەو لایەنە مەزهەبی و سیاسی و ئەتنییانەی کە بەردەوام بەیەکدا هەڵدەپرژێن، لەم سەردەمەدا ئەگەری بوونی نییە مەگەر لە خەودا.

ئەگەر کورد لەم قۆناغەی خەباتیدا نەتوانێت ببێتە خاوەنی قەوارەیەکی سەربەخۆی خۆی سبەینێ کاتێک ئەمریکا بەرژەوەندی لە کشانەوەدا هەبوو، یان بەریتانیا بەرژەوەندییەکانی گۆڕا لە ناوچەکەدا، یان سونەو شیعە ئاشتبونەوەو دەستیان کردە ملی یەکتر، یان سوپای مەهدی و تورکمان بوون بە یەک هێز یان و یان و یان... ئێمە دەچینەوە دەمی مارەکەو لە نزیکی کلکییەوە دەردەچین و لە شەڕەدەنوک و لۆمەکردنی یەکتر و شەڕی ناوخۆ زیاتر هیچی دیکەمان بۆ نامێنێتەوە. لەو کاتەدا هیچ میدیایەکی جیهانیش باسی ئەوە ناکات کە دەوڵەتێک و میللەتێک زوڵمی لێکراوە بەڵکو وەک کۆمەڵە خێڵێکی پەرشوبڵاو چاومان لێدەکەن و هەندێک پەتوو فانۆس و شیری ئێکسپایەر دەنێرنە خزمەتمان.

دیارە دەسەڵاتی سیاسی کوردی ئێستا جیابوونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بە باش نازانێت، ئەمەش پێدەچیت بگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک:

- چونکە دەوڵەتانی گەورە هێشتا نەیانفەرمووە.
- چونکە دەوڵەتانی دراوسێ و لەسەرو هەموویشیانەوە تورکیا بەوە ڕازی نابێت.

---

[1] مەهدی مونتەزر کە شیعەکان بە دوا ئیمامی خۆیانی دەزانن و بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی هاتنی دەکەن کە ڕزگاریان بکات.

[2] بڕوانە بوڵێتنی ژمارە V3.0 issued 01 August 2006 لەسەر ئێراق
http://www.ind.homeoffice.gov.uk/documents/countryspecificpolicybulletins/iraqpolicybulletin?view=Binary

- چونکە کوردستان بە بێ کەرکوک و ناوچەکانی دیکە هەژارو لاواز دەبێت و ناتوانێت باری دارایی خۆی ببات بەڕێوە.
- چونکە ئەگەر ئێستا ئەو دەوڵەتە دابمەزرێت دوایی ناتوانین داوای کەرکوک و خانەقین و ناوچەکانی دیکە بکەینەوە.
- چونکە هێشتا هەر پێویستمان بە بەغدایە و پارەو یارمەتی زۆر لە ئێراق وەردەگرین.

ئەمانەو چەندەها چونکەی دیکە.

ئەگەر بمانەوێت وەڵامی ئەو ئەگەر و چونکانە بدەینەوە پێدەچێت زۆر سەخت نەبێت:

- ئەی ئەگەر دەوڵەتانی گەورە هەرگیز نەیان فەرموو، ئێمە هەر خەریکی مارویەپێژە بین بەو میللەتە داماوەو شۆڕشیان لێ بکەین بە شاییەکەی بناویلە[٣] و زوو زوو تێکبشکێین و تێهەڵبچینەوە.
- جا توخوا تورکیا بە بنێشتی کوردی ڕازی دەبێت تا دان بە دەوڵەتی کوردیدا بنێت! بەڵام ئەگەر دەوڵەت بیت تورکیاش ناچار دەبێت ڕێز لە سنورت بگرێت و خۆ ئەگەر دەستدرێژیش بکات ئەوا بۆ سەر دەوڵەتێکی خاوەن سیادەی دەکات و قورستر دەکەوێت لەسەری. ئەگەر هەر کردیشی خۆ کورد لە ئەنفال و کیمیاوی خراپتری بەسەر نایەت ئیتر لەچی بترسێت.
- دەوڵەتێکی هەژارو بێدەرامەت بەڵام خاوەن سیادەو سنور زۆر باشترە لە دەوڵەمەند بوونی مەسولەکان.
- دیارە گەڕانەوەی کەرکوک و ناوچەکانی دیکە زۆر گرنگ و ستراتیژین، بەڵام دەبێت هەوڵبدرێت ئەوان بگەڕێنەوە سەر کوردستان نەک کوردستان بگەڕێتەوە بۆ لای ئەوان.
- دیارە باری ئێستا بۆ مەسولەکان هیچ عەیبی نییەو لە هەموو لایەک دەخۆن. ئەوان وادیارە هەر چاوەروانی ئەو ڕۆژەن دەسەڵاتی کوردی شکست بخوات و ئەوانیش پارەو سەرمایەیان لە دەرەوە بخەنە گەڕ.

ئەم باسە پێشنیارێکە بۆ باس و لێکۆڵینەوەی زیاتر بە مەبەستی وروژاندنی پرسیاری زیاتر و کردنەوەی دەرگای دایەلۆگ و گفتوگۆ. لەپێناوی نەک بەدەستهێنانی دەستکەوتدا بۆ گەلی کورد کە گەلێک ساڵە و سەردەمە بەدەست دێن، بەڵکو لەپێناوی پارستنی ئەو دەستکەوتانەداو ڕزگارکردنی کێشەی کورد لە گەمەی مارویەپێژە.

09 September 2006 www.kurdistannet.org

09September 2006/ http://www.dengekan.com

09September 2006 / http://www.kurdistanan.com

08 September 2006 / http://www.klawrojna.com

11Th September 2006 / http://www.kurdistan4news.com

# شوێنی مرۆڤی کورد لە کێشمەکێشی ناوچەیی و جیهانیدا

"لەو کاتەوە کە باووباپیرانمان یەکەم جار چاویان بە مرۆڤی سپی کەوت، زیاتر لە حەوت کەرەتی دە زستان لەمەوبەر (٧٠ ساڵ)، ئەو گۆڕەکانی سیخناخ کرد لە ئێسکوپروسکی ئێمە. ڕێبازی ئەو وێرانکارییە. ئەو ئەو شتانەی قێزەون کرد کە گیانی ئەم وڵاتە جوان و خاوێنی کردبوون... ئێمە وامان ئەزانی ئەو لە ڕوناکییەوە هاتووە. بەڵام ئێستا دەرکەوت کە وەک زەردەی خۆرئاوا هاتووە،

---

[٣] شاییەکەی بناویلە مەسەلەیەکی کۆنە لە ناوچەی شارباژێرداو وا دەگێرنەوە کە کاروانچییەکانی ڕێگای سلێمانی بەوێدا تێدەپەڕین و هەموو جارێک لە شوێنی هەڵپەڕینی شاییەکەدا دەستیان دەگرت و شاییەکەیان نوێ دەکردەوە. ئەم مەسەلەیە بۆ کارێک دێت کە بەردەوام بچێتەوە سەرەتاو هەرگیز کۆتایی نەیەت.

نەک کازیوەی بەیانی... ئەو پەیمانیدا کە ئەو شتانەمان پێبەخشێت کە ئەیزانی هەرگیز چاومان پێیان ناکەوێت، دوای پەیمانەکانیش هەڕەشەی لێکردین، بە سەربازەکانی، بە زیندانەکانی، وە بە کۆت و زنجیرە پۆلاینەکانی. ئەو زیاتر و زیاتری بە تالان برد، ئەوەشی کە نەیبرد پیس و قێزەونی کرد." [ یەکێک لە سەرکردەکانی هیندییە سورەکان لە ئەمریکا کاتێک خێڵەکەی لە سەرزەمینی خۆیان وەدەرنران.]

مرۆڤی کورد مرۆڤێکە وەک هەموو مرۆڤەکانی دیکەی سەر ئەم زەمینە. نە کورت و کەم و لاوازو گێل و نەزانە وەک شۆڤێنییە عەرەب و تورک و فارسەکان ئەڵێن و نە کێوییە وەک گەڕیدە ئەوروپییەکان لە ڕابوردودا باسیانکردووە. پێویست ناکات من لێرەدا هەموو ئەو شتە چەوتانەی لەسەر کورد وتراوە باسی بکەم؛ پێدەچێت هەموو کوردێک بیانزانێت. بەڵام بە دیوەکەی تریشدا کورد ئەو قارەمانە نییە کە لە هەموو خەڵکی جیهان ئازاترە و ئەو زیرەک و زرنگە نییە کە لە هەموو خەڵکی جیهان ژیرترە. کورد ئەو نەتەوە ئەوروپییە نییە کە لەناو نەتەوە کولۆڵ و دواکەوتووە گێلەکانی خۆرهەڵاتدا جێگا دەستی دیار بێت و ببێتە جێگای ستایش و پێداهەڵنانی نەتەوەکانی خۆرئاوا؛ بەتایبەتی لەم سەردەمی جەنگی بەناو دژە تیرۆرەدا.

ئەگەر دڵتان لێم نەیەشێت، مرۆڤی کورد ئەگەرچی لەلایەن عەرەب و موسوڵمانەکانەوە وەک کافرو زیندیق و چڵکاوخۆری خۆرئاوا چاویلێدەکرێت، لەلایەن خۆرائاوایشەوە وەک بەشێک لە ئومەی عەرەب و ئیسلام سەیری دەکرێت و هەرچەند سەرنج دەدەن هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ نابینن کە لەوانی جودا بکەنەوە. من مەبەستم لەم ووتارە دژایەتی خۆرئاوا نییە وەک هەندێک ئێستا خەریکن بە وکوردی و بە زمانی دیکە (دیارە من هەر ئاگاداری زمانی ئینگلیزیم) پەلاماری دەدەن. مەبەستیشم پێداهەڵنانی خۆرئاوا نییە وەک ماوەی ١٥ ساڵە ژمارەیەکی زۆری گەورەو بچوکی کورد خۆیان بۆ تەرخان کردووە؛ بەڵکو مەبەستم بینینی شتەکانە وەک خۆیان و لەگۆشە نیگای مرۆڤە ئاساییەکانەوە.

کە ئەڵێین مرۆڤی کورد وەک هەر مرۆڤێکی دیکەی ئەم سەر زەمینە وایە، ئەمە ڕێگر نییە لەبەردەم ئەوەدا کە بڵێین مرۆڤی کوردیش وەک هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئەم جیهانە تایبەتمەندی خۆی هەیەو پێویستی بە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستی هەیە کە لە توانای باسێکی ئاوا کورتدا نییە. نەوشیروان مستەفا لە نوسینەکانی خۆیدا ئاماژەیەکی کورتی بەوەداوە کە بۆچی کورد نەیتوانیوە وەک نەتەوەکانی دیکە ببێتە خاوەنی قەوارەی خۆی و بۆچونەکانی مامۆستا جەمال نەبەز و هەندێک لە بیرمەندانی دیکەی وەک نمونە هێناوەتەوە؛ بەڵام ئەویش هەر مەسەلەکەی بە هەڵواسراوی هێشتۆتەوە و دیارە بە ئەرکی کەسانی دیکەی ئەزانێت کە لێیبکۆڵنەوە.

کورد چونکە خاوەنی قەوارەو دەوڵەتی خۆی نییە هەر ماوەیەک و خۆی بە لایەکدا هەڵدەواسێت. ماوەیەکی زۆر شاعیرو گۆرانیبێژو نوسەران و سیاسەتمەدارانمان کوردیان بە فەلەستینییەکان دەچواندو گۆرانی 'هۆ برای فەلەستینی' مان بۆ دەچڕین. کە خۆپیشاندانمان دژی ڕژێمی بەعس سازدەکرد باسی ڕزگاری فەلەستین و زوڵم و ستەمی ئیسرائیلمان تێکەڵ بە هوتافەکانمان دەکرد. کاتێک لە یەکێک لە ناوچەکانی کوردستانی خۆرهەڵات بینیم لە ئاودەستی مزگەوتێکدا نوسرابوو: مەرگ بەر ئەمریکا! ئەو مەسەلەیەم بیر کەوتەوە چونکە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی شەوو ڕۆژ خەڵک بانگ دەکات بە ئاشکرا لەسەر شەقامەکان بڵێن مەرگ بەر ئەمریکا و پێدەچێت خەڵاتیشیان بکات بۆ ئەو کارە، ئیتر نازانم بۆ دەبێت لەو شوێنە نهێنیەدا وا بە کولۆڵی ئەو دروشمە بنوسرێت!

لە دوای ڕاپەڕینیشەوە هەندێک بە دیوەکەی دیکەدا کوردیان بەو جولەکە کەساسانە چواند کە عەرەبەکان خاکەکەیان داگیرکردون و پەردەوازەی هەموو جیهان بوون و ئەنفال کراون و تووشی کۆڕەو بوون؛ کە ئەوانەش ڕێک بەسەر کورد هاتوون. کورد نە لە برا عەرەبەکانی و نە لە برا جولەکەکانی هیچ وەڵامێکی

وەرنەگرت و عەرەبەکان بە کافری دەزانن و جولەکەکانیش بە موسوڵمان و بەشێکی جیانەکراوە لە ئوممەی عەرەب.

هەندێک لەو باوەڕەدان کە کێشەی کورد لەگەڵ ئیسلامەو بە ڕاست و بەچەپ کەوتنە دژایەتی ئیسلام وەک ئاینەکانی دیکە هەموویان دیموکراسی و پیشکەوتنخوازو لەسەرو هەموویشییەوە دۆستی کورد بن. چونە خوارەوە بە ژیانی تایبەتی پێغەمبەری ئیسلام و هەڵسوکەوتی تایبەتی و کەسایەتی ئەو بوو بە ویردی سەرزمانی خەڵکانێکی زۆرو زۆر پێیان شانازییە کە دەتوانن بە پێوەرەکانی سەدەی بیستویەکەم دەتوانن پێشێلکاری مافی مرۆڤ و مافی ژنان لە قورئاندا بدۆزنەوە. لە کاتێکدا ئەوان ئاگاداری ئاینەکانی دیکە نین و نازانن ئەگەر تەورات و ئینجیل بخوێننەوە چەند چیرۆکی سەیرو سەمەرە دەبیستن! یان ئەگەر بە ژیانی تایبەتی ئەو پێغەمبەرانەی دیکەشدا ڕۆبچیتە خوارەوە چەند بە ئاسانی دەتوانیت ڕەخنە لە ژیانیان بگریت؛ کە ئەمە لەم سەردەمەدا کارێکی گێلانەیە نەک دۆزینەوەیەکی زانستی گەورە؛ چونکە هیچ سیحرو جادوو دۆزینەوەیەکی گەورەی ناوێ و وەک ڕۆژی روناک دیارە. خۆ ئەگەر باوەڕت بە خوا هەبێت و بە ئاین ئەوا ئەو کتێبانە هەموویان قسەی خوان و هەموویان وەک یەکن، خۆ ئەگەر باوەڕیشت نەبێت ئەوا مەسەلەکە زۆر ئاسانە: هەموویان چیرۆکی دروستکراون بەبێ جیاوازای. جا کەوایە بۆ هەر ئەرکی کوردە پێیاندا ڕۆبچێتە خوارەوە و بۆ کەسی دیکە خەریکی ئەو کارە نییە!؟

لە ئینگلتەرە زۆربەی قوتابخانەکان لەلایەن کەنیسەوە دەبرێن بەڕێوە. واتە پارەو تێچونیان زۆربەی زۆری لەلایەن کەنیسەوە دابین دەکرێت. دیارە دەبێت ئەو ڕاستییە بڵێین کە لەوێ ئاین دەسەڵاتی جاوازە لە هی پارتێکی سیاسی ئیسلامی لە کوردستان یان کۆماری ئیسلامی لە ئێران و ئەو قوتابخانانە لەچوارچێوەی پرۆگرامی خوێندنی نەتەوەییدا وانە دەخوێنن و تەنها چەند ڕێورەسمێکی ئاینییان جیاوازە لە نێوان ئەو قوتابخانانەدا کە کاسۆلیکەکان سەرپەرشتی دەکەن یان ئەوانەی کە پرۆستانتەکان سەرپەرشتی دەکەن و ئەوانەش کە دەوڵەت ڕاستەوخۆ سەرپەرشتییان دەکات. ئەو قوتابیانەش کە بە ڕەچەڵەک موسوڵمانن یان هەر ئاینێکی دیکەن، یان ئارەزوی ئەو ڕێورەسمانە ناکەن، هیچ فشارێکیان لەسەر نییە. لە قوتابخانە باسی دروستبوونی جیهان کراوە بۆ منداڵەکان بەو شێوەیەی کە تەورات باسی کردووە: خوا یەکەمجار ئاسمان و زەوی دروستکرد، زەوی شێوەی نەبوو، تاریکی هەموو شوێنێکی داپۆشیبوو، خوا ووتی با ڕوناکی بێت، ڕوناکی هات و خوا بینی ڕوناکی باشە ووتی با ڕوناکی لە تاریکی جیابێتەوە. خوا ڕوناکییەکەی ناونا ڕۆژ و تاریکییەکەشی ناونا شەو... دواتر نوسراوە: ئەمانە ئەو چیرۆکە پیرۆزانەن کە لە کتێبی پیرۆزەوە وەرگیراون، بەڵام زانست ئەئاوا باسی دروستبوونی جیهان دەکات: یەکەمجار تەقینەوەیەکی گەورە بوو، ئەستێرەکان لەوێوە دروستبون و خۆریش پێکهات و دواتریش زەوی و ئینجا ژیان لەسەر زەوی دوای چەندەها بلیۆنساڵ... بەمجۆرە ئەوان چیرۆکەکانی کتێبی پیرۆز وەک چیرۆک پێشکەش بە منداڵان دەکەن و پەیامی زانستیش دەگەیەنن. تا چ ڕادەیەک من لەگەڵ ئەم پرۆگرامی خوێندنە هاوبیرم ئەوە کێشە نییە، چونکە چەندەها مامۆستاو خەڵکانی ئەو وڵاتەش ئەزانم کە لەگەڵیان هاوبیر نین، بەڵام من بە ئەرکی خۆمی نازانم ببمە پێشەنگ و سەرکردەی گۆڕینیان؛ ئەوە پێکهاتەیەکی زۆر ئاڵۆزی هەیەو ئەرکێکە بەر لە هەموو کەس لە ئەستۆی خەڵکی ئەو وڵاتە خۆیاندایە؛ ئەگەر بە پێویستی بزانن.

ئاین لە کۆمەڵگای ئەمرۆدا شوێنی خۆی هەیەو هەروا بە ئاسانی ناتوانین دەستبەرداری ببین. ئیتر باوەڕمان پێی هەبێت یان نا، هۆکارەکەی ڕژێمی سەرمایەداری بێت یان هەرچیەکی دیکە. بە پێشکەوتوو ڕەهای بزانین یان بە چیرۆکی هۆنراوە. دیارە لە کۆمەڵگا خۆرئاواییەکاندا ئاین لە دەوڵەت جیایەو ئەو توندڕەوییەی کە لە خۆرهەڵات هەستی پێدەکرێت یان لەناو موسوڵمانەکانی دانیشتوی خۆرئاوادا هەیە لەنێو ئەواندا یان نەماوە یان زۆر کەمبوەتەوە. بۆچی موسوڵمانەکان تورەو تۆندڕەون و کریستیانەکان نەرم ولەسەرخۆن، ئەوە بابەتی ئەم باسە نییە و دەکرێت بە زۆر جۆر لێکبدرێتەوە و هۆکاری کۆمەڵایەتی دەرونی و ...هتدی هەیە. ئەوەی لەلای من زۆر گرنگە ئەوەیە کە هیچ نەتەوەیەک پێدەچێت وەدوای ئاین نەکەوتبێت ئەگەر بەرژەوەندی

نەتەوایەتی لە گەڵیدا هاوجوت نەبوویێت، یان ڕونتر بڵێین بەرژەوەندی نەتەوایەتی خۆیان تێکەڵ بە ئاینەکە کردووە. بۆ نمونە فارسەکان ئەگەر مارکسی بن و پرۆفیسۆری فیزیک و مادە هەر حوسەین گیان و کەربەلا بەبەرزو پیرۆز دەزانن. جولەکەکان ئەوە هەر ئاین و نەتەوەو بوون و نەبوونیان لە ئاینەکەیاندا دەبیننەوە. من، وەک برادەرێکیشم جەختی لەسەر کردەوە، هەتا ئێستا عەرەبێکم نەبینیوە نەڵێت ئەلحەمدولیللا ئێمە موسوڵمانین. ئەوە پاکستانی و هیندییەکان هەر باس ناکرێن. ئیتر بۆ هیندۆ و نەتەوەو ئاینەکانی دیکەش پێدەچێت هەر وابێت. ئەوانە بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆیان خستۆتە پێش هەر شتێکی دیکەوەو هەر بە هەمان پێوانگ زۆربەی گەر نەڵێین هەموو حیزبە کۆمۆنیست و شیوعییەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لە بنەڕەت و بەرژەوەندیدا، حیزبی نەتەوەیی (ناسیونالیستی) نەتەوەی سەردەست بوون.

پێدەچێت لێرەدا دوو پرسیار بەرەوروم بکرێتەوە: یەکەم، ئایا چارە چییەو ئێمە چی بکەین؟ ببین بە موسوڵمان یان کۆپی ئیسلامی تایبەت بە خۆمان دروست بکەین، یان هەموو بچینە سەر ئاینێکی دیکە، یان ئاینێکی نەتەوەیی وەک زەردەشتی بۆ خۆمان زیندو بکەینەوە؟ پرسیاری دووەم: ئایا کە ئەو نەتەوانە ئاوا ئاینی خۆیان یان کۆپی خۆیان هەیە لەو ئاینانە و دژایەتی ئێمەش دەکەن، بۆچی ئێمە بەرەنگاری خۆیان و ئاینەکانیان نەبینەوە لە پێناوی دروستکردنی قەوارەو بوونی خۆماندا؟ وەڵامی ئەو پرسیارانە دەبوایە مێژوو هەر زوو بیدایەتەوە. پێدەچێت تازە درەنگ بێت بۆ دروستکردنی پرۆژەیەکی وەها. بەڵام ڕوون و ئاشکرایە لە دژایەتی کردنیشیاندا هەر ئێمەی کورد زیاتر زەرەرمەند دەبین لەوان. مەسەلەی ئاین مەسەلەی تایبەت بە تاکەکانی کۆمەڵگایەو هەر کەسە، لە کۆمەڵگایەکی مەدەنیدا دەبێت ئازاد بێت سەر بە هەر ئاینێک بێت یان لەنێو ئاینەکاندا سەنگەر بگوێزێتەوە یان کەسێکی مرۆڤدۆستی سادە بێت و سەر بە هیچ ئاینێک نەبێت. بەڵام کاتێک مەسەلەکە دەکرێت بە کێشەی نەتەوەیەک ئەوا پێدەچێت ئاگری دژایەتی و دوو بەرەکی زیاتر بخاتەوەو وەک ئەڵێن: ئەگەر هیچ عەلییەک نەبوایە هیچ عومەرێک نەدەبوو.

لە وەڵام بەم ململانێیەدا هەندێک کورد دەستیان داوەتە ڕەخنە لە خۆرئاواو کێشەکە لەوەدا دەبینن کە خۆرئاوا کافرەو بە تەنها ئەرکی گەلی کوردی موسوڵمانە دژایەتی ئەو کوفرو ستەمە بکات و ئاینی پیرۆزی ئیسلامیش بگێڕێتەوە سەر بنەماکانی سەرەتای خۆی. هەندێک کوردی دیکە دەڵێن هۆکاری ئەوە ڕژێمی سەرمایەداری و کۆمەڵگای چینایەتییە. دەبێت کورد ببێتە پێشەنگی هەموو پرۆلیتاریای جیهان و هەتا زووە ئیمپریالیزم لە ڕیشە هەڵبکەنێت!

دیارە کورد بە دوای ناسنامەدا دەگەڕێت و هێشتا نەیدۆزیوەتەوە. هەر بۆیە بەمدا هەڵدەنێت و ئەو دادەشۆرێت و کەسیش ناڵێت سوپاس. بە بڕوای من کێشەی کورد جارێ لەنێو ناخی خۆیدایە و حەق نییە دژایەتی کەس بکات یان لەخۆڕا بە کەسدا هەڵبنێت. ببێت بە تیرۆریست یان لە سەنگەری دژە تیرۆردا پێشی پێشەوە بگرێت هیچ لە مەسەلە ستراتیژییە نەتەوەییەکانی ناگۆڕێت و باری هەڵواسراوی باشوری کوردستان بۆ ماوەی ١٥ ساڵ باشترین نمونەیە. ئەم مەسەلەیە دەستکەوتی تاکە کەسی و حیزب و گروپە بچوکەکانی تێدا دەبێت و ئەوان دەتوانن بە شتێک بەرانبەر شتێک هەندێک دەستکەوتی کاتی بەدەست بهێنن. بەڵام مەسەلەی ستراتیژی نەتەوەیی کورد ئەگەر وەک دەوڵەتی کوردی یەککگرتوو یان پارچە پارچەش سەیری بکەین هەر بە نەگۆڕی دەهێڵێتەوەو زۆر ئەستەمە لەبەر ئەوەی کوڕی باشین خۆرئاوا بێت و دەوڵەتێکی کوردی یان دەوڵەتێکی کوردی بچوکیش دروستبکات. بە دیوەکەی تریشدا خۆ برا موسوڵمانەکانیشمان ناڵێن مادام ئێوە هێندە موسوڵمانن وەرن فەرموو جیاببنەوە.

ئەمڕۆ شەڕی نێوان عەرەبی سونەو عەرەبی شیعە گەرمەو تاڕادەیەکی زۆر کوردستان بێمەڵامەت و ئارامە. ئەگەرچی لەم ململانێیەشدا شیعەکان کورد بە سونی دەزانن و سوننەکایش کورد بە 'مەترسی بۆ سەر ئەمنی قەومی عەرەبی و یەکێتی خاکی عێراق' دەزانن. کاتی دروستبوونی دەوڵەتی ئێراق ئینگلیزەکان زۆر بە چاکی باری کۆمەڵایەتی ئێراقیان هەڵسەنگاندبوو، دیارە بۆ بەرژەوەندی خۆیان، بەوەی دەسەڵات بە دەست کەمینەی سوننەوە بێت لە ناوەڕاستدا. کوردستان ئەگەرچی لە ماوەی ١٥ ساڵی ڕابوردودا نیمچە سەربەخۆییەکی خۆی

سەلماندووەو ئێستاش لەچاو هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێراقدا ئارامترە، بەڵام بەرژەوەندی تورکیاو پێدەچێت بەرژەوەندی ستراتیژی دەوڵەتە گەورەکانیش لە ناوچەکەدا هەر وەک خۆیەتی و وا دیارە پێویستە کێشەی کوردیش وەک خۆی بمێنێتەوە. هەرچی پەیوەندی بە عەرەبی شیعەشەوە هەیە ئەوە هەر لە سەرەتاوە هەپی بەیاز لە دەستیاندا تۆپیوە و لە نەخشەی خۆرئاوادا کەمترین قورساییان هەیە. عەرەبی سوننە ئەگەرچی بە ڕوکەش تیرۆریست و دژە خۆرئاوان و سەر بە ئاشوبن بەڵام لە بارەی ستراتیژییەوە کلیلی ئارامی ئێراق لە دەستی ئەواندایەو پرۆژەی ئاشتبونەوە یان ئاشتەوایی کە ئێستا خۆرئاوا زۆر بەگەرمی کاری بۆ دەکات ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت.

باشە ئەگەر کۆمەڵێک عەگال بەسەر هاتنە سەر مێزی گوفتوگۆ لەگەڵ خۆرئاواو ووتیان ئەوە ئێمە هاتوینە پێشەوە، کلیلی ئاسایشی ئێراق بەدەست ئێمەیە. ئەگەر ئێمە کاربەدەست بین کەس بەناوی نیشتمان پەروەرییەوە لە دژتان شەڕ ناکات. ئەوانەش کە بەناوی جیهادەوە هاتوون پێیان دەڵێین زۆر مەمنون و خواتان لەگەڵ، ئەگەر وازیان هێنا باشە ئەگینا چاریان ئاسانە؛ چونکە هیچ پشتیوانێکیان نامێنێت. ئەوانەش کە بۆ مەبەستی دزی و ڕاوڕووت و تاڵان وبرۆ و سێکس و شتی دیکە کاری خراپە دەکەن تەنیاو چەپەک دەکەون و خۆمان چارەسەریان دەکەین. بۆ مەسەلەی نەوتی ڕەشیش ئەوە خۆتان شاهیدن، ئەوەتەی دۆزراوەتەوە بە دەست ئێمەوە بووەو خوا دەتان گرێت گلەییتان هەبوبێت! بەڵام داواکاری ئێمە ئەوەیە کە شیعە و کورد هیچیان بەدەست نەبێت لەوە زیاتر کە 'شۆڕشی حەقدەو سی تەمووزی نیشتمانی' بۆی دانابوون. دەبێت ئەو کاتە وەڵامی خۆرئاوا چی بێت بۆ ئەوان و بۆ کورد!؟

بە بڕوای من کورد لەباتی نیشتنەوە بە بنکڕی ئایدیۆلۆژیاکانەوە یان دژایەتیکردنیان بیرێک لە ستراتیژی نەتەوەیی خۆی بکاتەوە باشترە و دوور بڕوانێت نەک ڕوداوە کاتی و سۆزداری (عاتفی) یەکان لەخشتەی بەرن و بیخەنە تەپکەوە. هەر دژایەتی و گلەییەک لە خۆرئاوا هیچ نابەستێتەوە بۆ کورد، هەروەک پێداهەڵنان و هاوپەیمانێتییەکانیان لە کۆتاییدا نابەکام دەردەچن.

" جارێک کۆمەڵێک مەیمون گوڵە ئەستێرەیەکیان دۆزییەوە. بە هەموویان فوویان لێدەکرد بە ئومێدی ئەوەی بگەشێتەوە چونکە وایان ئەزانی پشکۆی ئاگرە. چۆلەکەیەک لەوێوە تێپەڕی و ووتی: برای مەیمون ئەوە گوڵە ئەستێرەیەو پشکۆ نییە و نابێت بە ئاگر، ئەوان هەر گوێیان لێنەگرت و بەردەوام بوون لەسەر فوو کردن. جارێکی دیکە فڕی و هاتەوە لایان و هەمدیس دەستی پێکردەوە، یەکێک لە مەیمونەکان چەپۆکێکی دا بەسەریدا و کوشتی" [ لە کتێبی کەلیلەو دیمنەی بەیدەباوە وەرگیراوە]

21/07/2006www.klawrojna.com

21-07-2006 www.kurdistannet.org

23-07-2006www.kurdistan4news.com

٢٠٠٦-٠٧-٣١http://www.dengekan.com

## بروسکەیەکی پیرۆزبایی بۆ سەرۆکی فەرمانده کاک عەلی عەبدوڵا ساڵح (مشایەخەکان بیپارێزن)



عەلی عەبدوڵڵا ساڵح بە ووتەی کەناڵە عەرەبییەکان و ماڵپەڕەکەی خۆی ئامادە نییە خۆی بپاڵێوێتەوە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی بەڵام میللەت قبوڵ ناکەن! ئەوە هەر هەڵوێستی ئەو نییە بەڵکو هەڵوێستی هەموو هاوکارو هاو بیرەکانێتی لە دیموکراسی عەرەبیدا کە بەداخەوە

هێشتا کوردیش نەیتوانیوە لەو بازنەیە بێتە دەرەوە؛ بەڵکو بمانەوێت و نەمانەوێت تا ئێراقی بین هەر بەشێکین لە ئومەی عەرەب.
منیش بە پێویستم زانی بەو بۆنە مێژوییەوە ئەو بروسکەیەی پێشکەش بکەم.

بەڕێز سەرۆکی فەرماندە کاک عەلی عەبدوڵڵا شۆڕەسواری عروبەو فەخری میللەت
زۆر بە هەست بە سەربەرزی کردنەوە دڵنیات دەکەمەوە کە هیچ دوو دڵیەک نییە لە هەڵبژاردنەوەی بەرێزتاندا بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری یەمەن. بەسەری برایەتیمان سوێندیشت نەخواردایە هەر باوەڕم دەکرد کە بەڕێزتان ئەگەر لەبەر خاتری ئەو میللەتە ستەمدیدەیە نەبوایە نەدەبونەوە بە سەرۆک. جا بۆ خۆت نەت فەرموو بیللاهی نامەوێت، تیللاهی نامەوێت، بەڵام میللەت بە تێکڕای دەنگ ووتیان (دیارە لەبەر قسەی ئەمو ئەو دەبێت بڵێین ٩٩.٩٩%) هەر تۆمان دەوێت ئەی سەرکردەی هەڵبژاردە، بۆ کەس هەیە لەئاستی جەنابتدا بڵێت من هەم، تۆ هەموو گیانت هەر ئەقڵە، ئەگەرچی لەبەر قسەی خەڵک دەبێت بڵێین ٩٩.٩٩%، من چاک ئەزانم ئەو ڕێژەیەت لەکوێوە هێناوە؛ ئەی قاڵبی زێڕی سویسری لێی نەنوسراوە ٩٩٩.٩٩% نەک لەسەدا سەد!
سەرکردەی گەورەو گران
هیوای چەوساوەکان
باوکی بێباوکان
سەرکردایەتی هەر لەتۆ جوانە، کورە هەر بەتۆ دەکرێت، تۆ بە کوفر نەبێت لە ڕۆحی خواوەندەکان دەچیت نەک مرۆڤ. لەبیرت چوەوە کە خەڵکی ئور دوای مردنی پادشاکەیان هەر هەموویان خۆیان کوشت، بۆ ئەوەی لەودنیا خزمەتی بکەن. تۆ لە پادشای ئور زۆر زیاترت قابیلە. دڵ لە دڵ مەدە لە سەردەمی سۆمەری و ئاشورەوە تا نوکە سەرکردە لەو دەڤەرە هەر وا بووە. حامورابی بە شەو یاساکانی دەنوسی و بە ڕۆژ دەیووت خوداوەندەکەم پێی ڕاگەیاندم. ئێستاش هەر وا بە میللەت دەڵێن. جا دەستتان خۆش بێت، میللەت وا نەبێت خۆ بەرەڵڵا دەبێت. نابینیت لە یەمەن و وڵاتەکانی دیکەی ئەو دەڤەرە چۆن ژنان کونی چاویشیان بەدەرەوە نییە، ئەوە چاکە ئیتر لە پشت پەردەوە چیدەکەن گرنگ نییە. حەیاو شەرەف عەورەتە، عەورەتیش ئەوەیە کە لەبەرچاوی خەڵک داپۆشراو بیت.



من کە سەیری کەناڵی ئێم بی سی دەکەم ئەزانم عەرەب چەندە عاقڵن، چ کاتێک لەچک دەکەن و چ کاتێک توڕی دەدەن. خۆ خەڵکی ئێرە لەسەر جادەو لە پشت جادە هەر وەک یەکن. ئەوەتەی گیا لەسەر زەوی سەوز بووە لە یەمەن قات دەکێشن و حەشیش دەڕوێنن بەڵام لەسەر بوتڵێک بیرە بەئاشرا پێدەچێت گەنجێک نەک هەر دارکاری بکەن بەڵکو لەداریشیی بدەن. لە ئێران دەیانووت دەوڵەت دەڵێت لەماڵەکاندا چی دەکەن بیکەن، بەڵام تەبلیغی مەکەن؛ واتە با وەک ماست بە لێوتانەوە دیار نەبێت. ئەوە هونەری درۆ کردنە، خەڵکی ئێرە لێی بێبەشن.
ئەی باوکی دیموکراسیەت، تۆ تەنیا نیت، هەر هەموو سەرکردە و بنکردەکانی جیهانی عەرەب و ئیسلام و بگرە زۆر لە بوزی و هیندۆکانیشت لەگەڵە. ئێوە مانای سەرکردەیی دەزانن، ئێوە نرخی پلەو پایەو کورسی دەزانن. من چاک ئەزانم ئێوە بە چ کوللە مەرگییەک دەگەنە کورسی حوکم. چ خەباتێکی خوێناوی دەکەن. هەر دوور نەڕۆین پێدەچێت بەڕێزتان بەدەستی خۆتان چەندەها خائین و زەندیق و تابوری پێنجتان قڕ کردبێت. تا گەیشتون بەو پلەو پایەیە لە هیچ شتێک سڵتان نەکردۆتەوەو لە هیچ کردارێک درێغیتان نەکردووە.
عەمۆ عەلی
من لە بەریتانیا هەڵبژاردنێکی گشتی و دوو هەڵبژاردنی ناوچەیی و کۆمەڵێک هەڵبژاردنی لاوەکیم بینیوە. جا تو خوا بەخۆت ئەڵێم ئەوانە کەی هەڵبژاردنن؟ نیوەی خەڵکیش ناچێت بۆ دەنگدان و لەو نیوەیەش ئەگەر

لەسەدا ٥٥ی دەنگ بدەن بە کەسێک ئەوا ئیتر جارى سەرکەوتن لێدەدات. بەرێزتان کە هەر تاقەتی سەرۆکایەتیشتان نەماوە و میللەت خۆی تەکلیفی کردون بۆ ئەو پۆستە لە سەدا ٩٩ و لەسەدا ٩٩ دەهێنن!

جا هەر ئەوە نا، کورە هەڵبژاردن لێرە زۆر سەیرە، کاندیدەکان خۆیان ماڵەو ماڵ دەگەڕێن بەخەڵک ئەڵێن دەنگیان بۆ بدەن! جا ئەوە شورەیی نییە؟ کاندیدێک کاندیدە هەر لە ژێر لێفەوە بێت میللەت بە تێکڕای دەنگ بڵێن: هەر تۆم دەوێت تۆ.

ئەمان چونکە بە ئاسانی دەگەن بە پلەو پایە نرخی نازانن. کە یەکێکیان دەرناچێت یەکسەر یان دەست لەکاردەکێشێتەوە یان بە بێشەرمی ئاشکرای دەکات کە وا پارتەکەی فەشەلی هێناوە! توخوا ئەوە قسەی پیاوە؟ ئەوانە گەورەو بچوکی نازانن. لەباتی ئەوەی بڵێت هەر کەس دەنگ بە ئێمە نەدات خائینە، لەباتی ئەوەی بڵێت تەزویر کراوەو هێز کۆدەکەینەوە، لەباتی ئەوەی بڵێت دەچینەوە شاخ، لەباتی ئەوەی بڵێت دەستێک لەدەرەوەڕا کەوگیری تێهەڵداوە. کە ئەمانە هەڵوێستی پیاوانی خۆرهەڵاتن، هەر وا بە ئاسانی دەستبەردار دەبن.

بۆ نمونە، مایکڵ هاواردی سەرۆکی پارتی پارێزارانی بەریتانیا کاتێک لە هەڵبژاردندا فەشەلی هێنا ووتی من دەست لەکار دەکێشمەوە چونکە پارتەکەم سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوەو منیش هێندەم بەبەرەوە نەماوە بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو دوای چوارساڵ سەرکردایەتی حیزب بکەم، بۆیە جێگا چۆڵ دەکەم بۆ کەسێکی دیکە. ئەمە نەک هەر بە بڕوای بەرێزتان بەڵکو بە بڕوای هەموو ئەو کەسانەی کە شتێکیان بەدەستە یان دەستیان گۆچان دەگرێت لەو دەڤەرە هەڵوێستێکی ترسنۆکانەیە، پیاو چۆن پیر دەبێت بۆ خۆ ترۆزی نییە.

لەو ماوەیەدا وتاری برادەرێکم خوێندەوە لە کوردیش میدیادا کە نووسەرەکەی وتبووی: لە خۆرهەڵات مەگەر قەزاو بەڵا دوور سەرکردەیەک بمرێت وەک مردنی شا حوسەینی ئوردون، شا حەسەنی مەغریب و حافز ئەسەدی سوریا ئەگینا گۆڕانکاری مەحاڵە. بەڵام ئێستا حەز دەکەم ئەو مژدە خۆشە بە بەرێزتان و هەموو سەرکردەکانی ئەو دەڤەرە ڕابگەیەنم کە زاناکان لە خۆرئاوا شەویان خستۆتە سەر ڕۆژ بۆ ئەوەی کە بەربگرن لە پیربوون و پێدەچێت لە مردنیش. دەزانیت بۆ؟ من بزانم بۆ بەرگرتن لەو مردنە لەناکاوانەیە کە، خوا بەو ڕۆژەی نەکات، لەوانەیە یەخەی کەسانێکی وەک بەرێزتان بگرێتەوە.

بۆ ئەوەی خۆتان بە چاوی خۆتان ئاگاداری دوا چالاکییەکانی فەخامەی سەرۆکی یەمەن بن و بیروڕا دیموکراسییەکانی لەمەڕ هەڵبژاردنی داهاتوو بخوێننەوە، دەتوانن سەردانی ماڵپەڕی ئەو بەرێزە بکەن و ئەو کاتە خۆتان حوکم بدەن دیموکراسی لەو دەڤەرە بۆ ئەوو بۆ هاوشێوەکانی چی دەگەیەنێت!:

http://www.presidentsaleh.gov.ye/ar/index.php?option=news&task=viewarticle&sid=545

www.klawrojna.com 27-06-2006 www.kurdistannet.org

# هەفتەی پەنابەران لە بلاک بێرن و

## چەند سەرنجێک

ماوەی نێوان ١٩-٢٥ ی حوزەیران بە هەفتەی پەنابەران ناوزەد کراوە لە بەریتانیا. پەنابەران لە ناوچەو ڕەسەن و ڕەگەزو ڕەنگە جیاجیاکانەوە لەو هەفتەیەدا چالاکی جۆراوجۆر پێشکەش دەکەن لە ناوچە جیاجیاکانی بەریتانیادا. شارۆچکەی بلاکبێرن شارۆچکەیەکی جوانی ناوچەی باکوری خۆرئاوای ئینگلتەرەیەو دەکەوێتە ناوچەی لانکەشێرەوە. لەو شارۆچکەیەدا، بەگوێرەی ئاماری نۆڤەمبەری ٢٠٠٥ ، ٣٦٤ کەسی تێدایە کە داواکاری پەنابەرین و سەر بە ٣٧ نەتەوە یان وڵاتی لێکجیاوازان؛ لەنێویاندا کوردی پارچە جیاجیاکانی کوردستان پێدەچێت بەرزترین ژمارە پێکبهێنن. ئەگەرچی ئەوان بەگوێرەی وڵاتە فەرمییەکان پۆلێنیان کردون، کەچی ئێراقییەکان، کە زۆربەی هەرەزۆریان کوردن، دووەمن دوای پاکستانییەکان، کە لێرەدا کوردەکانی خۆرهەڵات و ناوچەکانی دیکەش نەژمێردراون.

بلاکبێرن، پێشتر بە شاری پەموو ناسراوە بەهۆی بەرهەمهێنانی زۆری ئەو بەرهەمەوەو لە ساڵانی ١٩٥٠-١٩٦٠ لێشاوێکی گەورەی کۆچی بەخۆیەوە بینیوە لە نیمچە کیشوەری هیندیەوە بە مەبەستی کارکردن لە کێڵگەکانی پەموو یان کارگەکانی ڕستن و چنیندا. گاندی خۆی سەردانی هاوڵاتییەکانی خۆی کردووە لەو شارەدا. شارۆچکەی بلاکبێرن ٢٠% ی دانیشتوانی خەڵکی پاکستان و هیند و بەنگلادشن کە بە ئاسیاییەکان ناسراون. ئەوانە بەڕێژەیەکی تارادەیەک بەرانبەر هیندی و پاکستانین و ژمارەیەکی کەمیشیان بەنگلادشین. ئاسیاییەکان ئەگەرچی دابەشبوون بەسەر چەندەها ئاین و مەزهەبی جیاوازدا، بەڵام ئاسیاییەکانی بلاکبێرن ٩٥%یان موسوڵمانن و پێدەچێت زۆربەی هەرە زۆریشیان سوننی بن. ئاینی ئیسلام یان ئیسلامی پاکستانی، وەک نوسەرێکی ئینگلیز باسی کردووە، شێوازێکی جیاوازی هەیە لە ئیسلامی جیهانی و زیاتر تایبەتە بە خۆیان و بەرژەوەندییە تایبەتی و ناوچەییەکانی خۆیان و زۆر مەبەستیانە لێکیان جودا نەکەنەوە. ئەو نوسەرە ئینگلیزە دەڵێت: گەرچی ئاینی ئیسلام پەیامێکی جیهانی پێیەو ئاراستەی هەموو خەڵکی جیهان کراوە بەڵام ئاینی ئیسلامی پاکستانی پەیامێکی ناوچەیی پێیەو ئاراستەی ناوچەکەی خۆیان دەکرێت. ئەمەش هۆکاری زۆری سایسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی هەیە کە پێدەچێت لەنێوانیاندا تێکەڵکردنی ئاین و کولتوور بێت کە ئەوان کردویانە. ئەوان بە تەواوی ئاینیان کردووە بە کولتوور و زۆر مەبەستیانە موسوڵمان بوونی خۆیان بپارێزن وەک کولتوور نەک وەک پابەند بوون بە پایەو فەرمانەکانی ئاینەوە. تەنانەت ئەو جلوبەرگەی کە لە وڵاتەکەی خۆیانەوە هێناویانەو بەشێکە لە کولتووریان، ئەوان بە جلوبەرگی ئیسلامی ناوی دەبەن و بەئەرکی هەموو موسوڵمانێکی دەزانن کە بیپۆشێت. زۆرکەم تێکەڵ بە کولتوورو داب و نەریتی ئینگلیزی دەبن و تەنانەت ئەو منالاَنەشیان کە لە نەوەی سێهەمی ئێرەیان لەدایک دەبن هەر پابەندن بە دابونەریتی خۆیانەوە. زۆربەی ژن و ژنخوازییان لەنێو خۆیاندایە یان لە وڵاتی خۆیانەوە کوڕ بۆ کچەکانیان و کچ بۆ کوڕەکانیان دەهێنن؛ کە بە ژنوژنخوازی بەزۆرو پێشتر پلابۆدانراو Forced and arranged marriage ناسراوە. کەڵکێکی زۆری ئابوری لە فرۆشتنی گۆشت و خواردنی حەڵاڵ وەردەگرن کە ووشەی Halal بە هۆی ئەوانەوە هاتووەتە نێو زمانی ئینگلیزییەوە. ئەوان بۆ مەبەستی ئابوری و کۆمەڵایەتی خۆیان لە کەلوپەل و شمەکە بێگیانەکانیشدا هەر حەڵاڵ و حەرامیان داناوە، بۆیە پێت سەیر نەبێت گەر ببینیت نوسرابێت گوێزانی ڕیشتاشینی حەڵاڵ یان لیمۆدۆزی حەڵاڵ!

ژمارەیەکی بەرچاو عەرەب و چینی و ئەفریکی و خەڵکی ناوچەکانی ئەمریکای باشور و ئەورووپای خۆرهەڵات لە بلاکبێرن گیرساونەتەوە؛ ئیتر وەک داواکاری پەنابەری، پەنابەر یان بۆ کارو نیشتەجێبوون بێت.

لە ڕۆژی شەممە ١٧ ی حوزەیرانی ٢٠٠٦ دا لە هۆلی وێسلی هۆڵ لە لایەن لقی بلاکبێرنی ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشناڵەوە ئاهەنگێکی خنجیلانە سازکرا بەبۆنەی هەفتەی پەنابەرانەوە، ئەگەرچی هەفتەکە بە فەرمی لە ١٩ ی حوزەیراندا دەست پێدەکات. لەو ئاهەنگەدا بەبەشداری گروپی کوردی فلمکارانی مانچستەر ئاهەنگەکە بوو بە ئاهەنگی هەڵپەڕکێ و گۆرانی کوردی. ئەوەی مایەی دڵخۆشییە ئەوەیە کە گروپێکی کوردی توانیویەتی پێشەنگی هەموو نەتەوەو ڕەسەنە جیاوازەکان بکات لە ڕۆژێکی ئەوتۆدا کە تایبەت بووە بە هەموویان و هەموویانی هێنابووە سەما. بەڵام ئەوەی مایەی دڵتەنگییە ئەوەیە کە کورد چونکە خاوەنی دەوڵەت و کیانی سەربەخۆی خۆی نییە هەمیشە بەناوی دیکەوە ناودەبرێت.

پێشکەشکەری بەرنامەکە کە ئەندامێکی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ بوو، بە گروپی فلمکارانی تورکی مانچستەر ناوی بردن! و لە کۆتاییشدا بەناوی گروپی ئێرانییەوە سوپاس کران. ئەگەرچی هەرزوو بۆیان ڕاستکرایەوە یەکەمجار وەک ئێراقی و دواتریش وەک کورد، بەڵام پێویستە ئێمە لەوە تێبگەین کە ئەو ڕاگەیاندنانە تەنها هەڵەیەکی سەرزارەکی نەبوون و ئەوە دیدگای خەڵکی جیهانە بۆ ئێمەی بێدەوڵەت. ئەوەی هەمیشە ئێمەی کورد خەممانە ئەوەیە کە کەس وەک کورد نامان ناسێت چونکە ئەوان هەر دەوڵەتە فەرمییەکان دەناسن. کە کوردێک کارێکی مەزن دەکات دەبێت بەناوی تورکیا یان ئێراق یان ئێرانەوە بێت و تەنانەت گەر بوترێت کورد یان کوردستان ئەوە لێرە هەر لەسەر ئاوازی پاکستانەو وڵاتێک لەسەر نەخشەی جیهان هێڵی بەدەورەدا نەکێشرابێت

کەس نایناسێتەوە؛ ئەوە لەلای خەڵک گرنگە نەک سەرکردەکانی چەندە دەوڵەمەندن و چەندە خەڵک لێیان دەترسێت و چەند ژنیان هەیە.

گەلی کورد لەنێوخۆیشیدا هەرگیز بواری ئەوەی پێنەدراوە کە بەکامی دڵی خۆی ڕێبازی ژیانی خۆی دیاری بکات و بێجگە لە دابەشبوونی کوردستان بەسەر ئەو وڵاتانەدا کە داگیرکەرو دابەشکەری کوردستانن، هەمیشە سەرکردەکانی کورد خۆیان سەرپشک بوون دۆست و دوژمن و براو هەنەزا بۆ کورد دەستنیشان بکەن. هەر لە ماوەی ژیان و بیرەوەری مندا ئەو دەوڵەتانە چەندەهاجار بوون بە پشتیوانی کوردی ئەم پارچە دژی دەوڵەتی ئەولاو بە پێچەوانەوە کە بە داخەوە هەمیشە هەر دوژمنان براوە بوون. گەلێکجار لولەی تفەنگەکان کراوەتە سوپای پاسداران و گەلێک جاریش لەگەڵ سوپای پاسداران لە سەنگەرێکدا خەوتوین. ئەم مەسەلەیە بۆ قواتخاسەی بەعس و ژاندرمەی تورکیش هەر وایە؛ بەبێ ئەوەی میللەت لە بزنە شەلێک زیاتر حسابی بۆ کرابێت. دەوڵەتەکانیش ڕۆژێک بە فاشی باسکراون و دوو ڕۆژ لەوەدوا سەرکردەکان ووتوویانە بیورن، یارەبی تۆبە فاشی نیین و ڕەفتار فاشین و هەر تۆزێک ئاقڵ بین عەیبیان نییە! ڕۆژێک ئۆتۆنۆمیمان بۆ داوا دەکەن و ڕۆژێکیش فیدراڵی و دواتریش دەڵێن هەر هیچمان ناوێت و گەردنیان ئازا بێت. دەڵێن سەرکردە شوانە، کەوابێت میللەتیش بزنگەلەو دەبێت شوان لێپرسراوبێت لە بزنگەلەکەی.

دیارە مەسەلەی خواستی نەتەوەیەک و مەسەلەی ئەگەری بەدەستهێنانی دواکارییەکی کاتی یان دەمودەست زۆر لێکجیاوازن، بەڵام بۆ کورد کە هەمیشە هەر کەسێک دەمی کردبێتەوە و شتێکی جودای ووتبێت لەوەی کە سەرکردە بێ هەڵەو کامڵ و ژیرەکانی داینناوە یان لەبەرژەوەندی هەنوکەییان بووە هەر بە هەڕەشەو چاوسورکردنەوەو زۆرجاریش لەناوبردن وەڵامی دراوەتەوە.

هەندێک نەتەوە پێدەچێت نەتوانن لە کاتی ئێستادا دەوڵەتی سەربەخۆ پێکبهێن، وەک کورد. بەڵام ئایا ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە واز لەو داوایە بهێنن و و بینێنە گۆڕ، یان لەوەش خراپتر قەدەغەشی بکەن! هەندێک حیزب و لایەن و حکومەتی ناوچەیی لەوانەیە نەتوانن ئەو داوایە لە کاتی ئێستادا بەرزبکەنەوەو ئێمەش گلەیی ئەوەیان لێناکەین، بەڵام خۆ دەتوانن بڵێن: ئێمە ناتوانین لەباتی نەتەوەیەکی چەند ملیۆنی بریار بدەین و ئەوە داواو ویستی ئەو خەڵکەیە. بۆ کەسێکی کورد کە لە ئاستی لێپرسراویدا بێت ئەوە زۆر قورسە؛ چونکە ئەو دروستکەرو پارێزەرو ژێنەری ئەو گەلەیەو دەبێت بپەرسترێت. ئەوەی بڵێت وا نییە خائینە، تابوری پێنجەمەو دەستی دوژمنانە.

لە کوردستان چونکە ئاستی ژیان و بژێوی زۆر لەیەک جودایە، ئەوەی مەسئول بێت ژیانی زۆر ڕاقییەو ئەوەی ڕەعیەت بێت زۆر کڵۆڵە؛ ئەو کەسەی کە دەچێتە ئاستێکی لێپرسراوییەوە دەبێت بە ئاگرو ئاسن بەرگری لە پۆستەکەی بکات و دیارە هەر ڕەخنەو گلەییەکیش هەڕەشەیە لەو پۆست و نازو نیعمەتەو دەبێت سەرکوت بکرێت.

نەتەوەی بێدەوڵەت ڕەنج بە خەسارو داماوەو هەمیشە وەک غەریب و نامۆو کلک و پاشکۆی خەڵک چاوی لێدەکرێت . هەمیشە دەستکەوتی تاکەکانی بەتاڵان دەبرێت. هەمیشە تاکەکانی تورەو داخ لەدڵی ناسنامە لاوەکییەکانیانن کە بەزۆر پێیانەوە لکێندراوەو نەک هەر دوژمنان و خەڵک بەڵکو زۆر لە سەرکردەکانی خۆیشمان پێیان ڕەوا نابینن ئەگەر باسی هەڵوەشاندنەوەیان بکەن.

فەرموون لەگەڵ چەند دیمەنێکی ئەو ئاهەنگە:







20-06-2006www.Klawrojna.com 20-06-2006 www.kurdistannet.org

## ئەرێ کرێکارانی جیهان بۆ یەکناگرن!؟ بەریتانیا

ئەوکاتەی مارکس و ئەنگڵس مانیفێستی کۆمۆنیستیان بڵاوکردەوەو جاری شۆڕشی پرۆلیتاریایان دا زۆربەی خەڵکی جیهان بە شێتی دەزانین. تەنانەت مارکس هەتا لەتەمەندا بوو ئەو کتێبانەی کە بە هەزار کولەمەرگی بڵاوی دەکردەوە کەم کەس دەی کڕین و بێبازاڕ بوون. تەنها ١١ کەس وەدوای تەرمی گەورە سەرکردەی پرۆلیتاریا کەوتن و لەسەر گڵکۆکەشی ئەنگڵسی هاوڕێی دڵسۆزی ووتی: 'تۆ لەوەدا کە زۆرترین کەس ڕقی لێت بوو یەکەمەت هێنا بوو بەڵام ئێستا دڵنیام ملیۆنان بۆت بەداخەوەن'. لەڕاستیدا قسەکەی ئەنگڵس وا دەرچوو، مارکس بوو بە بەناوبانگترین فەیلەسوفی جیهان و خۆشەویستی کرێکاران و چەوساوەکانی جیهان.
ئەوەی ئێستا جێگای پرسیارە ئەوەیە کە بۆچی کرێکارانی جیهان یەکیان نەگرت؟ ئایا هۆکارەکەی ئەوەیە کە مارکس بەهەڵەدا چوو بوو لە شیکارکردنی ڕژێمی سەرمایەداریدا، یان سەرمایەداری چووەتە قۆناغێکی تایبەتەوە کە مارکس دەرکی پێنەکردووە؟ ئایا کرێکاران خەتای خۆیانەو هوشیاری خۆیان لەدەست داوە، یان دەوڵەتە سەرمایەدارییەکان توانیویانە مێشکیان سربکەن؟ ئایا سەرمایەداری لە وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا ئیتر چی دیکە عەیبی نییەو شۆڕشی پرۆلیتاری پێویست ناکات؟

لەڕاستیدا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا هیچ باس و لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆجی و ئابوری و کریمینۆلۆجی نییە کە بەشیکی زۆری بۆ بیرو بۆچون و لێکۆڵینەوەکانی مارکس دابین نەکرێت. ژمارەیەکی زۆری پرۆفیسۆرو پسپۆڕانی زانکۆکان خۆیان بە مارکسیەکی توندو تۆڵ دەزانن. سەرمایەداری هەر سەرمایەدارییە و هەموو کەس لەسەر ئەوە کۆکە کە سیستمێکی ناعادیلانەیە تەنانەت بە ئەفسەری پۆلیس و مەلاو قەشەشەوە، بەڵام کەم کەس ئێستا ئەگەری شۆڕشێکی کرێکاری بە نزیک یان بە چاوەڕوان کراو دەزانێت.

مارکس پلانی ئەوەی دانابوو کە شەش کتێب بنوسێت لەسەر سەرمایەداری و وەک شەش بەشی کتێبی سەرمایە بڵاوی بکاتەوە. لەڕاستیدا تەنها سێ کتێبی نووسی و سێ کتێبەکەی دوایی کە بڕیار بوو لەسەر دەوڵەت، بازرگانی جیهانی و بازاڕی جیهانی بینوسێت هەرگیز نەنوسران. هیوجس (٢٠٠٣:٢٥) واباس دەکات کە ئەوەی لە سێ بەرگی یەکەمی کتێبی سەرمایەدا هاتووە هەموو ئەو بابەتانەی لەخۆگرتووە کە مارکس بۆ سێ کتێبی یەکەم لە نیازیدا بوو، بەڵام لە ماوەی ژیانی خۆیدا تەنها یەکەم بەرگ بڵاوکرایەوە.

مارکس هێندە دەستخەتی ناخۆش بوو کە لەدوای مردنی تەنها ئەنگڵسی هاوڕێ و هاوکاری و جێنیی هاوسەری دەیانتوانی دەستنوسەکانی بخوێننەوە؛ ڕەشنوسی ئەو فەیلەسوفە گەورەیە زیاتر لە شەڕە پشیلەیان دەکرد وەک لە نوسراو! لەڕاستیدا دوای مردنی مارکس ئەنگڵس هەر بە فریای ئەوە دەکەوت وەڵامی نامەو پەیوەندی خەڵک بداتەوە لەسەر مارکس؛ کە ئەوکاتە ناوبانگی زیاتر بڵاو دەبووەوە. مامۆستایەکی زانکۆی لانکاستەر ووتی: 'مارکس تا خۆی مابوو کەم کەس گرنگی پێدەدا، بە کولەمەرگی ژیاو بە کولە مەرگیش سەری نایەوە، بەڵام دوای مردنی سەرمایەدارەکان بۆیان بوو بە خێرو بەرەکەت؛ هێندەیان قازانج لە چاپکردنی کتێبەکانی خستە تەنکەی گیرفانەوە. پێدەچێت هەر بە لێکدانەوەی نوسراوەکانی ئەویش سەرمایەدارییان وا تۆکمە کردبێت کە ناکەوێت.'

لەڕاستیدا 'تیۆرییەکانی زێدە بەها' کە مارکس لە شێوەی دەستنوسدا بەجێی هێشتبوو ٢٠ ساڵی ڕەبەق دوای مردنی لەلایەن کاوتسکییەوە پاکنوسکراو بڵاوکرایەوە.

بەمجۆرە تەمەنی کورتی مارکس و ژیانی پڕ لە کولەمەرگی و هەژاری بواری ئەوەی پێنەدا کە ئەوەی مەبەستی بوو بیخاتە سەر کاغەز. لەڕاستیدا ئەوەشی کە نوسراوەو بڵاو کراوەتەوە ژمارەیەکی کەمی مارکسی و خۆ بە مارکسی زانەکان وەک دەقی ئەسڵی خوێندویاننەتەوە!

مارکس تا خۆی لە تەمەندا بوو دوای هەر ڕوداوێک یان گۆڕانکارییەک جارێکی دیکە بە مانیفێستدا دەچووەوە. باشە ئەی دوای مردنی؟ خۆ مارکس نەیووتووە من پێغەمبەرێکی دیکەم و هەرچیەکم ووتووە وەک خۆی بیلێنەوە و بیپەرستن. ئەی گوایە جیهان لە ساڵی ١٨٨٣ەوە تا ٢٠٠٦ هیچ گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە؟ پێویستە دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە هیچ کەس وەک مارکس نەیتوانیوە تان و پۆی ڕژێمی سەرمایەداری بپێوێت و ووردەکارییەکانی شیبکاتەوە. بەڵام خۆ مرۆڤیش مافی خۆیەتی بپرسێت: ئەرێ بۆ کرێکارانی جیهان یەکناگرن؟

ئەوکاتەی مانیفێستی پارتی کۆمۆنیست بڵاو بووەوە ئەگەری شۆڕشێکی کرێکاری لەلای ئەوان زۆر نزیک بوو. بەڵام ئەو شۆڕشە کرێکارییە هەرگیز لە وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا بەرپا نەبوو؛ بێجگە لە تەمەنی کورتی کۆمۆنەی پاریس و چەند ڕاپەڕینێکی دیکە کە هەرگیز نەبووە هۆی دامەزراندنی سۆشیالیزم. ئەوەش کە لە ڕوسیا ڕویدا بێگومان شۆڕش بوو، شۆڕشێکیش بوو کە لەلایەن کرێکاران و ڕەنجدەرانەوە بەرپاکرا بەڵام کەمکەس دەرەنجامەکەی بە سۆشیالیزم دەزانێت. لەڕاستیدا لینین شۆڕشگێڕێکی پشودرێژو جەربەزە بوو، بەڵام پێناچێت بووبێتە تەواوکەری ڕێبازەکەی مارکس؛ جا ئیتر لەبەر نەبوونی بواری گونجاو بووبێت بە هۆی سەرقاڵ بوونییەوە بە کاری شۆڕش و حیزبایەتییەوە یان هەر هۆیەکی دیکە.

بەرپانەبوونی شۆڕشی پرۆلیتاری لە ئەوروپاو جیهانی خۆرئاوا لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر گەلێک پرسیاری ووروژاند. چەندەها لێکۆڵینەوەی جیا جیای لەسەر کراوە بەڵام تاڕادەیەکی زۆر هەر بە لێڵی ماوەتەوە. گرامشی دەڵێت هۆکارەکەی ئەوەیە کە لە ڕوسیا چینی ناوەند نەبوو بەڵام لە ئەوروپا چینی ناوەند هەیەو زۆریش

خاوەن قورساییە. لەڕاستیدا مارکس وای پێشبینی دەکرد چینی ناوەند بە زووی بتوێتەوە. ئەو ووتی چینی ناوەند لە کێشمەکێشی نێوان پرولیتاریاو بورژوازیدا خۆی دەوتوێتەوە؛ یان ئەوەیە دەبێت سەربکەون بەرەو ڕیزی بورژواکان یان ئەوەیە دەبێت بێنە خوارەوە بۆ ناو چینی کرێکار. مێژوو پێچەوانەی ئەوەی سەلماند. ئەمڕۆ چینی ناوەند چینێکی خاوەن نفوزو قورساییە. گرامشی ووتی سەرمایەداری گەیشتۆتە قۆناغێک کە بەتەوای کۆنترۆڵی کردووە بەسەر هزرو مێشکی خەڵکیداو، بە ووتەی ئەو، چینی کریکار ئەمڕۆ کەوتۆتە شوێنی سەرئاویلکەو بەدوای کورتانی دەجاڵ کەوتووە. گرامشی لەگەڵ ئەوەشدا لەو باوەڕەدابوو کە ئەگەری ئەوە هەیە کرێکاران زاڵبین بەسەر خۆپەرستی و خۆویستیداو ئەگەری شۆڕشێکی کرێکاری هێشتا هەر بوونی هەیە.

ئەمڕۆ کرێکاران لە ووڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکانداو ڕونتربڵێین لە ئینگلتەرەدا، کە یەکەم وڵاتی پیشەسازی بووە لە جیهاندا چاوەڕوانن کار تەوا بێت و چەند بیرەیەک هەڵقورێنن بەدەم سەیرکردنی یارییەکانی دووگۆڵییەوە! ئایا هەرگیز بەبیریاندا دێت شۆڕشی کرێکاری بەرپا بکەن؟

کۆمەڵە لاوێکی جولەکەی ئەڵمانی کە لە جینۆسایدی هیتلەر دەربازبووبوون و ئاوارەی ئەمریکا بووبوون و بە قوتابخانەی فرانکفۆرت ناسرابوون لەو باوەڕەدا بوون کە تازە ئەگەری شۆڕشێکی پرۆلیتاری نەماوەو تەنها بواری ئەوە هەیە کە شۆڕشێکی ڕۆشنبیری بەرپابکەین بۆ ئەوەی کرێکاران زاڵ بین بەسەر گیانی خۆپەرستی تاکە کەسداو گیانی لەخۆبوردن دروست ببێت. بەڵام ئایا تاک بە تاکی ئەو خەڵکە قەناعەتی پێدەکرێت؟

قوتابخانەی فرانکفۆرت ڕەخنەی ئەوە لە مارکسیزم دەگرن کە ڕۆڵی تاکەکەسی بەتەواوی ژێر پێ خستووەو تەنها جەختی لەسەر هۆکارە ئابورییەکان کردۆتەوە.

شایانی باسە مارکس هەر ئەوەندەی من و تۆ سۆشیالیزمی بینیوە. ئەو بە لێکدانەوەی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و چۆنێتی ئاوەژوکردنەوەیان بیرۆکەی سۆشیالیزمی داڕشت. بەڵام ئایا ئەو سۆشیالیزمە هەرگیز بوونی دەبێت؟ ئایا ئەگەر ئێستا مارکس لەژیاندا بمایە چۆن ڕژێمی سەرمایەداری هەڵدەسەنگاندو هەنگاوی داهاتوی چۆن دەستنیشان دەکرد؟

کەڵک لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

Hughes, J., A. et al. (2003) Understanding Classical Sociology. 2nd ed. London: SAGE Publications.

بابەت و وانەکانی خوێندنی بەشی کریمینۆلۆجی لە پەیمانگای لانکەشێری خۆرهەڵات بۆ خوێندنی باڵا-سەر بە زانکۆی لانکاستەر.

www.kurdistannet.org
1-5-2006 0:40

ئەگەرچی من شاعیر نیم بەڵام کە شتێک بدات لە دڵم شیعرێکی مزری بۆ نەنوسم دڵم شەق دەبات. لەساڵی ١٩٩٦ دا کە گەرمەی شەڕی ناوخۆ یان براکوژە بوو ئەم شیعرەم نووسی. ئەو کاتە لە سلێمانی ناردم بۆ گۆڤاری سیخورمە بەدڵیان بوو بەڵام بڵاونەکرایەوە. ئێستاش بەبۆنەی تێپەڕبوونی ١٠ ساڵ بەسەر ئەو کارەساتانەداو بە ئومێدی ئەوەی شەڕی براکوژە توڕدرابێتە مۆزەخانەی مێژوو، پێم باشە ئەم هۆنراوەیە بکەمە دیاری!

# برا کوژی

دۆستەکانمان لەدەرەوە پێیان ووتین ڕێکنەکەوین
ئای کە دۆستامن زۆرە لەوێ
قەزایان لە گیانمان کەوێ
دوژمنەکانمان لەناوەوەن، دۆستەکانمان لە دەرەوە
بەخوا سەیرە
چۆلەکە تەیرە
کاتێک ڕێک بووین ئەوان پێیان دەوت دەڤەر، ئێمەش پێمان دەوت بەرە
کە دەڵێن برۆ دەڵێن هەرە
بەخوا زۆر لەیەک جیاوازین!
خەڵکی ئەو وڵاتە دورانە زۆر هەقیانە کاتێک دەڵێن
ڕێک مەکەون
دەڵێن سالانی پێش مێژوو
ئەوان هاتن و پشیلەیەکی باپیرە گەورەمیان کوشت
باپیریشم لەو پیاوانە نەبوو کۆڵبدات ووتی: ڕۆڵە، ئەوەی بەگوێم نەکات زۆڵە
هیچ شتێکم لێتان ناوێت تەنهاو تەنها ڕاسپاردەی من ئەوەیە
مووی لەشتان دایم وەک تیر بێت بۆچاوی خەڵکی ئەوبەر چەم
ئاشتی بکەن لەگەڵ سەگ و گورگ و بەراز
بەلام نەکەن ئاشتی نەکەن لەگەڵ خەڵکی ئەوبەری چەم
شەڕی ئەم ئەمبەراو بەرە، شەڕی نێوان هەق و ناهەق
شەڕی نێوان دوو نەتەوەی ئێجگار زۆر لەیەک جیاوازن
بەلام چیبکەین ئاسمانێکی قووڵی زۆر شین
هەردوکمانی داپۆشیوە
ئەمە شەڕی چارەنوسە
شەڕی گەورەیی و نفوزە
شەڕی گومرگ و فلوسە
شەڕی تۆڵەی سەگ و پشیلەو بزنە
شەڕی تۆڵەی بەرخ و گوێرەکەی توکنە
جاکەوابێت سوکایەتی و کلکایەتی و جاشایەتی
لەپێناوی ئەم شەڕەدا با ناو بنێین پاشایەتی

www.kurdistannet.org
9-3-2006 13:02

www.knowledgesource.blogspot.com

## کورد نە برای هەیەو نە پایزە برا...

(شتێکی بێمانایە گەر مەڕ بانگەشە بۆ سودەکانی خواردنی سەوزە بکات لەکاتێکدا کە گورگ نیازێکی دیکەی لە کەللەدایە). Inge- The Reason of Things

برا و براکانمان، دۆست و دۆستەکانمان ئەو وشانەن کە ئێمەی کورد لە هەموو کەس زیاتر بەکاریان دەهێنین. من تا ئێستا هیچ دۆستێکی کوردم نەبینیوە کە لە دەوڵەتی تورک زیاتر دۆستمان بێت. ڕەنگە بە شێتم تێبگەیت بەڵام هەرچەند سەرنج دەدەم هەموو کەس وەک ئەوان دەروانێتە دۆزی کورد بەڵام کەس وەک ئەوان بە ڕاشکاوی و بێپێچ و پەنا ناڵێت من دژی کوردو ناوی کوردو ئەو هەوایەشم کە لە کوردستانەوە هەڵدەکات.

کەس پێویستی بەوە نیە کە زاراوەی براو دۆستی بۆ ڕوون بکەنەوە، بەڵام پێدەچێت زاراوەی پایزەبرا بۆ زۆرکەس نوێ بێت. لە لادێ لە وەرزی بەهارو هاویندا کە وەرزی کشتوکاڵ و لەوەڕو ئاودێرییە زۆر زوو خەڵک دڵیان لەیەک زویر دەبێت و دەمەقاڵەو هەندێک جاریش شەڕە کوتەک شتێکی نامۆ نییە. بەڵام بەدەگمەن ڕق لەیەک هەڵبگرن و کینەی دوور لەیەک بکێشن. بەهاتنی وەرزی پایز هەموو ئاشت دەبنەوەو کێشەکان بیر دەچنەوە. ئاخر ئیتر چی دیکە پێویستیان بەوەنیە لەسەر کانی و ئاوو ئاودێری شەڕ بکەن چونکە ئیتر وەرزی نەماوە. مەڕو ماڵات بە ئارەزوی خۆیان دەگەڕێن چونکە کشتوکاڵ بەسەرچووە. بەمجۆرە هەموو کەس دەبنەوە بەبرا بەڵام ئەم برایەتییە تەنها بۆ پایزو زستانەو لە بەهاردا نابەکام دەبێتەوە. من بە منالّی ئەو زاراوەیەم لە پیاوێکی دراوسێمان بیست و ئەو ڕونکردنەوەیەشم بەزۆر لێهەڵهێنجا.

ئێستا کورد وەک براو دۆستی نییە پایزە براشی نییە. داشکاندن (تانازول) بکات و نەکات، دەستور سێ مانگ لە ئێران لەلای بەرگدروو بێت و دوای ئەوەش بیبەن بۆ عەرەبستان بۆ ئەوەی لەوێش پینەوپەڕۆی بکەن و ئەم هەر بڵێت خوادەکات براکانمان زویر نابن مە قبوڵمانە، ئەوان هەر نابنەوە بە پایزە براش.

ئێمەی کورد هەمیشە کاتمان ناسکەو ٢٥٠٠ ساڵیشە چاوەڕوانی گودۆ دەکەین. کافرو موسوڵمان، سونی و شیعە، ئەمریکی و میسری کەباسی کورد دەکەیت دەڵێن بەقوربانە نەکەن ئێراق دابەش دەبێت. باشە بۆ نەخشەی ئێراق لە ئاسمانەوە هاتۆتە خوارەوە؟ باشە بۆ کوردستان ئەوەتەی هەیە دابەش بووەو هەموویشیان بە شەرعیی دەزانن. نەگبەتییەکە لەوەدایە کە خۆیشمان بەردەوام بەسەر خۆماندا دابەش دەبین.

دەبێت مێژوو خۆی دوبارە نەکاتەوە، کەچی بۆ ئێمە هەر وەک دووبارە وایە. لەسەدامەوە بۆ جەعفەری هەمان تاس و هەمان حەمام. گرنگ ئەوەیە باسی کوردستان نەکرێت و ئەگەر بە جەعفەری بێت ئۆتۆنۆمییەکەی زەمانەی شێخ جافریشمان پێڕەوا نابینێت. جا بۆ وا نییە، ئەوان بۆ ئەو کارە خێرانە دۆستەکانی خۆیشمانیان لەگەڵە.

شیعەکان لە زەمانی سەدامدا داماوو بەشخوراو بوون. جینۆسایدو ئەتککردن بەشی شەوو ڕۆژیان بوو. ئێمە دەمانهێنان بۆ کوردستان و لەوێ لە بن سێبەری داربەڕوو دەمان خەواندن. ئێستا ئەوان دەیانەوێت بچنە جێگای سەدام و لاسای ئەو بکەنەوە. چییان بەسەر هاتووە بەسەر ئێمەی بهێننەوە. ئەوان دەستوری ڕەشی خۆیان لەدژی ئێمە نوسیوەو ئێمەش دیارە ناچارین بە خەڵک بڵێین وەرن ئیمزای بەڵێی بۆ بکەن.

من لەسەدا سەد دڵنیام کە ئەو کەناڵە تەلەفیزیۆنیانەی کە ئێستا بە قیمەت بێت یان بە هیممەت باگەشە بۆ دەستورەکەی سیستانی و شا فەهد دەکەن، دوای پەسەند کردنی دەستورەکە دەست دەکەن بە سازدانی مێزگردو سیمینار بۆ سیاسەتمەدارانی کورد بۆ ئەوەی ئەو دەستورە بەنەفرەت بکەن. ئەی چی دەبێت ئەگەر ئێستا یەکێکیان بڵێن کورە مەچن و قبوڵی مەکەن تا ئەو کاتەی بە ڕونی و ڕاشکاوی مافەکانتان دیاری دەکات.

چارەنوسی کورد لە ئێراقی عارەویدا لەوە باشتری لێچاوەڕوان ناکرێت، کە ئەگەر ڕاستبێت، پاسەوانەکانی جەعفەری پەلاماری پاسەوانانی کۆماری بدەن و وەک داگیرکەر و دوژمن لەگەڵیان بجولێنەوە.
من بە پێچەوانەی زۆر کەسەوە زۆر ڕقم لە دەوڵەتی تورک نییە کە دەڵێت نابێت فرۆکە بە ئارمی کوردستانەوە بەسەر خاکی ئێمەدا بفرێت. چونەک هەرچەند سەرنج دەدەم کەس نابینم لە جەوهەردا هەمان بۆچونی نەبێت لەسەر کورد، بەڵام کەسیش نییە وەک ئەوان بە ڕاشکاوی و بەبێ سێودوو دژی کورد بێت. من بەپێچەوانەی زۆر کەسەوە زۆر گلەیی لە پاسەوانەکانی جەعفەری ناکەم کە پەلاماری گاردەکانی مام جەلال دەدەن چونکە ناهەقیان نییەو گەر مام جەلال نیازێکی داگیرکەرانەی نەبێت چی دەکات لە بەغای پایتەختی عارەوان و بەهیوای چییە؟

www.kurdistannet.org

4-10-2005 0:13

# زەمەن زەمەنی علوجە، سەد خۆزگەمان بە فەللوجە

ئێمەی کورد هەمیشە داماوی دەستی ڕابوردوین. مەینەتی و کوڵۆڵییەکانمان بوون بە مێژوو ئەوە لە دوای ئەوە بۆ یەکتری دەگێرینەوەو هەرجارەی یەکێک تاوانباردەکەین. سەرکردەکەمان نەیزانی ئەگینا دەیانکردین بەشت! نەچوو دەستیان ماچ بکات ئەگینا بۆیان ڕازاندبووینەوە! ئایا وایە یان جۆرێکی ترە؟ ئەیخۆ ئەم جارە دەستیانمان ماچ کرد، ئەی بۆ هەمان ئەنجامی بوو، پێدەچێت کێشەکە جۆرێکی تر بێت. ئێمەی کورد هەموومان سیاسین کەچی سیاسیشمان نییە، هەمومان زیرەکین کەچی کەدێیینە سەر حەق و حیساب لاوازو بێدەسەڵات و .کوڵۆڵین، کێ دەڵێت وانییە ئەوە ئەرزو ئەوە گەز

ووتم کورد داماوی دەستی ڕابوردووە، گەروانییە من و تۆو ئەوانی تر بۆ هەتا ڕوداوەکان نەچونە خانی ڕابوردوو هیچ گرنگیمان پێنەدان. کە تورکیا بە ئەمریکای گەورەی ووت نەء ، ووتیان تورکیا تەواو، کێ ووتی؟ کورد. تورکیا بەبێ مەرج تەسلیمی ئەمریکای گەورەی نەبوو بۆیە ئەمریکا ڕێزی لێگرت. ڕەنگە کەسێک بڵێت کاکە ئێمە چۆن وەک تورکیامان بۆدەکرێت ئەوان دەوڵەتێکی گەورەو گرانن, بەڵام هەرچەندێک گەورە بن خۆ .لەچاو ئەمریکادا هێشتا هەر دەڵێیت فروجە, کەچی ووتیشیان نەء و هەر ئەمریکاش تەنازولی بۆکردن
چ دەبوو گەر کورد بە ئەمریکای بووتایە ئێمە ئەوە چەندەها ساڵە خۆمان لەسایەی جەنابتانەوە سەر بەخۆین، ئێستاش ئێوە تەشریفتان هێناوە بەخێربێن بەڵام لە ئێستاوە بۆمان بنووسنە سەر کاغەز: لە ئەنجامدا چیمان لێدەکەن یان بۆدەکەن؟ وەڵامەکەیان هەرچۆن بوایە لە ئێستە باشتر دەبوو، چونکە کورد دەڵێت: شەر لە شێف و ئاشتی لەسەر خەرمان! بەڵام دیارە ئێمە خۆمان لەوە بە کەمتر دەزانی کە ئەو گورە پیاوانە ڕوومان تێبکەن، هەر بۆیە بەبێ مەرج تەسلیم بووین و چاوەڕوانی مەرحەمەتی وان بووین ئەوانیش کردینیان بەقوربانی ڕێککەوتنی .فەللوجە

من بە منداڵی لە لادێ بووم، لەکاتی شایی و زەماوەندا پیاوێک دەهات پێی دەووتین: مناڵینە برۆن لەو لاوە بە عاقڵی دانیشن ئێستە خواردنتان بۆ دێت. ئێمەش باوەڕمان دەکردو چاوەڕوان دەبووین. پیاوان خواردنیان دەخواردو مر دەبوون، ژنانیش لە پاشماوەکەی ئەوان، بەڵام کەم جار بەشی منداڵان بمایەوە. هەر تاو .نەتاوێکیش یەکێک دەهات دەیووت هەرئێستە دێت

لە جەنگی جیهانی یەکەمدا دەوڵەتە گەورەکان بە کوردیان ووت بە عاقڵی دانیشن خۆمان بۆتان دەکەین، ڕاستیان کردو خاکەکەیان دابەش کردینّ! ناکرێت لێرەدا هەموو وردە کارییەکان باس بکەم بەڵام لە دوای جەنگی جیهانی دووەمیش کۆماری سابڵاخ لە گۆمی خوێندا نوقوم بوو. زلهێز، ئاین، ئیدۆلۆژیا نەماوە خۆی بە ئێمە تاقی نەکاتەوە. باشە بۆچی و لەپای چی؟ ئایا هەموویان، خۆرهەڵات و خۆرئاوا, موسوڵمان و کافر لە .بەرانبەر ئێمەی هەژاردا ڕێکن. یان سوچەکە لە خۆمانەوەیە

نەک نەتەوە بەڵکو تاکە کەسیش نییە لەم دنیایەدا بەهیوا بێت کەسێکی تر چارەنوسی بە باشی بۆ دیاری بکات، مە گەر ئەو کەسە نەخۆشێکی دەروونی بێت زانستی دەروونناسی هاوچەرخ دەڵێت دڵپاکی و گێلی یەکشتن: مناڵەکانتان وا گۆش مەکەن. تۆ بڵێیت ئێمە هەموومان ئەو دەردەمان بێت؟ ئەگەر واش بێت، هەر .بەخۆمان بزانین ڕەنگە چارەسەری هەبێت, بەڵام بەڵا ئەوەیە بە خۆت نەزانیت

کورد لە هەموو شتێکدا شێتگیری توندرەوییە: کە مارکسییە ستالینی ناگاتیێ، کە موسوڵمانە ئەڵێی کۆماندۆی عومەری کوری خەتابە، ئێستاش ئەو ئەمریکایەی کە ئیسلامی توندرەو تیری ناوە بە جەرگییەوە بە قەدەر کورد دڵی گەرم نییە لە دژی تیرۆریستان. ئێستاش ئەو ئوسامەیەی کە تۆرابۆرای لێکرا بە قەیسەری بەقەدەر کورد پشتی بە ئیسلامی سیاسییەوە نایەشێت. ئەرێ کورینە ناکرێت بەس بێت, بۆ گیانی یەکتر توندرەوو لە بەرنبەر .ڕوداوەکانیشدا گێل و ساویلکە

کورد دژی کەس نییەو دوژمنیشی نییە، جا کەوا بێت هەر لە ئەزەلەوە نەبووە، ئەگەر قەناعەتیش بەوە بکەین ئەوا ئیتر پێدەچێت خەڵکەکەش لەم کوشتو برو ماڵوێرانییە ڕزگاری ببێت. من بە بێ بەڵگە قسە ناکەم, ئەوە پارتە سیسییەکان و ئەوە میدیایی کوردی، هەموو ناڵێن عەرەب و فارس و تورک برامانن ئێمە دژی رژێمە دیکتاتۆرییەکانین نەک ئەوان، گەرچی هەمیشە ئێمە رۆڵی سەرەکی دەبینین لە لابردنیاندا کەچی بە دەستی بەتاڵەوە دەمانننێرنەوە بۆ شاخ و پێمان دەڵێن ڕێی گا هەر دۆڵە. لەسەردەمی عوسمانی و سەفەوییەوە تا شای .ئێران و سەددامی ناو کونەکە ئەوە حاڵمانە، دەکرێت ئەوان هەموویان تاوانباربکەین، یان تەنها خۆمان

کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بەشێکی زۆری بەرنامەکانیان بە زمانی عەرەبی و تورکییە، نە عەرە ب و نە تورک سەیریان دەکەن و نە کوردیش کەڵکیان لێوەردەگرێت. ئەوەی جێگای قێزەونییە هەندێک جار کوردێک بە عەرەبییەکی پەنچەر چاوپێکەوتن لەگەڵ کوردێکی تر دەکات و چەند خولەکێک بۆ شوێنی فیعل و فاعیلەکە دە گەرێت تا دایاندەنێت. عەرەب دەیان کەناڵی خۆیان هەیەو کەس ناپیەرژێتە سەر کەناڵی کوردی، بەڵام ئەوە .بووە بە تەشویش و هانی هانی بۆ ئێمە

کورد کە شەڕ دەکات ئامانجی نییە، گەر وانییە کە لێماندەپرسن خەریکی چین بۆ دەممان دەبێت بە تەڵەی تەقیو. ئێمەدژی کەس نین هەموو کەس دژمانە، کە کەسێکی دەرەکیش لێماندەپرسێت چیتان دەوێت، ئامانجەکانمان ئەگەر جاران خێڵەکی بوون ئێستا پارتەکین و لە ترسی ئەوەی نەوەک لایەنەکەی تر بمانکات بە فیلەکەی خاوەنشکۆ خۆمان دەپەرێنینەوە. کە ڕۆژنامەیەک یان کەناڵێکی دەرەکی پرسیارمان لێدەکات لە .ئەنجامدا واتێدەگات کە ئێمە تەنها کێشەی نێوان خۆمان هەیە ئەگینا هەموو دنیا دۆستمانە

ئەوەتەی من دەمئاوزێت دەڵێین کەرکوک، دەمێک قودسەو دەمێک دڵ، هەر ماوەیەک نابات و باسی ئاورەکەی باوەگورگور دێتەوە ناو مەیدان و کۆمەڵێک گەنجی جوان بە کوشت دەدرێت، کەچی لەکاتی هەڵبژاردنی نوێنەری کەرکوک دا بۆ ئەنجومەنی حوکمی عێراق کورد لەبەر نیاز پاکی خۆی هەر هیچی ناوێت و .دەیبەخشێت بە براکانی

لەم ڕۆژانەدا برادەرێک لە هەولێرەوە لە گەڵ کەناڵی عەرەبییەدا دەدواو دەیفەرموو ئێمە هیچ گللەییمان نییەو مەنسەب ئەوە هەر پێوەمان نایەت و نامانەوێت، کابرای بێژەر پرسی ئەی کەوایە بۆ دەڵێن د. بەرهەم عاجز بووەو چووەتەوە بۆ سلێمانی, گەر درۆ نەیژم ئەو هەڤاڵە وای شەرح کرد کە مەنسەبەکەی لەگەڵ کابرایەکی تر .شەکلی کردووەو، بە کوردییەکەی مەسەلەی دائیرەو معاشە

لە جەنگی ٨ ساڵەی عێراق- ئێراندا عێراق بە ئێرانییەکانی دەووت فورسی مەجوس, خۆی چاک دەیزانی دەڵێت چی و قسە بۆ کێ دەکات، ئێمەش بە گێل و نەزانمان دادەنان. هەر ئەو ڕقی مەجوسییەتە بوو وورەی ٨ ساڵ شەری بۆ دابین کرد، دیارە دەزانم ئەو شەرە و ئەو رژێمە پشتگیری زۆری هەبوو بەڵام نکولی لەوەش ناکرێت کە زۆربەی ئومەی عەرەبی پشتگیرییان لێدەکرد چ لەناوەوەو چ لە دەرەوە و رقو قینی فورسی مەجوس تاسەر ئێسکیان کاری کردبوو. ئەوە تەنها نمونەیەکە لە هەزاران. کەچی ئێمە کە ئەهەنگی دەرچوانی دەورەی ئەفسەران دەگێرین ئەڵێی قەشەین و قسە بۆ مناڵان دەکەین؛ ئێمە نامانەوێت ئازاری کەس بدەین. ئاخر حەمە

گیان ئەم ژیانە ململانێی گورگە و ئەوەی مەڕ بێت گورگ دەیخوات، خۆ ئەزانم سوعبەت دەکەن و لە ژێرەوە وانین، بەتایبەتی بۆ ناوخۆ! بەڵام کە بە خەڵکت ووت ئا ئەمە سوپاکەمە ئەوا نیوەی وورەی خۆت دەدەیتە .دەستی دوژمن

ئێمە ئەوەتەی هەین بەگیانی برایەتی عەرەب گۆش دەکرێین، درۆ دەکەین و باجی درۆکانیشمان زۆر قورسە. ئێمە لە بەرچاوی خەڵک شتێک دەڵێین و بە میللەت شتێکی تر، خەڵکی هەموو دنیا بە نەفام دەزانین لەو بوارەداو کڵاویان دەنێینە سەر، کەچی کڵاوەکە بەسەری خۆمان نەبێت بەسەری کەس ناکات. ووتیان باسی کورد مەکەن ئەوە ناسونالیزمە، هێشتا بەتەواوی لە ماناکەی تێنەگەیشتبووین کوردو کوردستان و ئەیرەقیبمان کرد وە حەیبە. کەچی ئەو حیزبە شیوعی و کۆمۆنیستیانەی کە گۆشیان دەکردین خۆیان قەومی بوون و سەر بە نەتەوەی سەردەستیش بوون، بەڵام چونکە نەتەوەی سەردەست ترسی توانەوەو لەناوچوونی نییە وەک .ماست بە لێویانەوە دیار نەبوو ئێمەش ڤەک ئەسپی ژێر عارەبانە لەوە زیاترمان نەدەبینی

کوردم بینیوە لە ئەوروپاوە بە پێی خۆی سواری فرۆکە بووە بەرەو تورکیا بۆئەوەی لەوێ لەزیندانی توند بکەن !و بێژن: نیازیان باشە. ئەرێ هیچ کەسێک لەم دونیای خودایەدا ئەوەدەکات

فەرەنساو ئەڵمانیا دوو دەوڵەتی گەورەو سەربەخۆن کەچی خەڵکی فەرەنسا دەڵێن چونکە هێتلەر وولاتەکەمانی .داگیرکردووە ئێمە چاومان بە ئەڵمان هەڵنایەت و کەسیش ناڵێت عەیبەو ئێوەبرای یەکن

پارتی و یەکێتی ئەگەر بۆمبای ئەتۆمیشیان هەبوایە دەیاننا بە یەکدییەوە، کەچی کە دوعای پیاوچاکان سەریگرت و ئاشتبوونەوە هیچ خاڵێک نەبوو گوفتوگۆی لەسەر بکەن و خۆیشیان پێیان سەیر بوو ئەو ماوە درێژە لەسەرچی شەڕیان کردووە. بەڵگەش بۆ ئەوە ئەوەیە کە کاک مەسعود دەیووت: من مام جەلالم لە جێگەی بابم داناوەو مام جەلالیش دەیووت: من دەزانم برای بەرێزم کاک مەسعود حەزدەکات چەند هەنگاوێک لەپێش منەوە بروات بۆیە هەمیشە گوریسێک تەرحی دەدەمێ. دیارە من دەزانم مەسەلەکان هێند سادەوساکار نین، بەڵام خۆ خەڵکەکەش ئاژەڵ نین، چ دەبێت گەر بە ئاشکرا بڵێن کاکە ئێمە حیزبی سیاسی لەیەک جیاوازین، بەرژەوەندیمان جیاوازە بەڵام دەکرێت لەسەر کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش رێکبکەوین. کەچی بەپێچەوانەوە، هەر !میللەت دەڵێت یەکبگرنەوەو ئەوانیش دەڵێن باشە دوایی باگوڵە بێتۆ لە کانی

لە هەموو وولاتە دیموکراتییەکاندا پارتی لێک جیاواز هەیە و کەسیش ناڵێت ببن بە یەک. حکومەت لەسەرو مەسەلەی پارتایەتییەوەیەو دەزگایەکی وەکو پۆلیس لەو وولاتانەدا بۆی نییە بەشداری هەڵبژاردن بکات چونک دەبێت سەربەخۆبن. رەنگە کەسێک بڵێتن ئەوان زۆر لەئێمە جیاوازن بەڵام ئەیخۆ ئێمەش باسی دیموکراسی و .فیدراڵییەت دەکەین ئەی مەگەر ئەو سیستەمانە هەر لە خۆرئاواوە نەهاتون

تۆنی بلێری سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا بەناچاریو لەسەر خواستی ئەمەریکاو لەبەر خاتری نەوتی رەش سەردانی لیبیای کردو ئەگەرچی لەڕوو قەززافی زۆر خۆی گەورەو گران نیشاندا، بەڵام ئەوەی لەلای من جێگای سەرنجە ئەوەیە کە بلێر نەیوت ئێمە هەربراین و هیچ نەماوە بەڵکو بەپێچەوانەوە ووتی ئەگەرچی لیبیا هاوکاری باش دەکات بەڵام زامی کارەساتی لۆکەربی وابەئاسانی سارێژ نابێت. چ دەبێت گەر یەکدوو هەڵوێست لەخەڵکی .فێرببین ، خۆلەمەشدا هەرلەیەک جودانین. مرۆڤ هەر مرۆڤە

کابرایەک هەبوو هەرکەس مەرحەبای بکردایە دەیووت پیاوی چاکە، بەڵاکە ئەوەیە ئێمە میللەتێکین وابیردەکەینەوە، کە نائومێدیشمان دەکەن کۆڵێک گلەییان لێدەکەین و ئەوانیش دەڵێن "سۆری" دوای .سۆرییەکەش ئیتر ئێمە هیچمان لەدڵدانامێنێت و پاشماوەیەک دەکەوینەوە هەمان هەڵە

رەنگە بڵێن ئاخر ئێمە میللەتێکی هەژارین و ناتوانین بەرەو روویان بوەستینەوە، ئەی بۆ دەتوانین ...هاوپەیمانێتییان بکەین و دوو حکومەت دروست بکەین و خەڵک بگرین و هتد

ووتمان ئێمە دژی شاین نەک کەسی تر شا رەفت و کێشەی کورد باقی، ووتمان دژی سەددامین نەک عارەو سەددام چووە جێی حەق و کێشەی کورد باقی. ئێمە رەنگە هێشتا نەزانین لەگەڵ کێمانە، چەندەها ساڵە .شاعیرێکمان ووتوویەتی: هەر بروخێ بەس نییە، حەق تا نەسەندرێ نادرێ. بەڵام مە حاڵی نابین

له وولآتی بەریتانیا زۆر جار لەبواری وەرگێراندا تووشی کەسانێک بووم تورەو توندرەو، بە جنێوو بە هەرەشە دەستیان پێکردووەو منیش کە کۆتایی فلیمەکەم دەرخە بەپێچەوانەوە هەموو ئەو شتەخراپانەم تەرک کردووەو تەنها پوختەی کێشەکەیم وەرگێراوە. کابرای ئینگلیزیش لەفیکەی خۆی دەگات و بەهێمنی و بە زەردەخەنەوە چوار قسەی تەرو پاراوی بۆدەکات، دەبینم کابرای کوردە گێچەکەی ١٨٠ پلە دەگۆرێت و دەکەوێتە داوای لێبوردن و تەنازول. ئەرێ برا هێشتا تۆ هیچت بۆنەکراوەو ئیهانەکانیشت لە سایەی منەوە لە گوێی من تێپەریان نەکردووە ئەم هەڵگەرانەوە لە پرەت لەپای چی؟ من قێزم لەم لەم هەڵوێستەش دێتەوەو هەر کورتەیەکی لێ وەردەگێرم (ئەگەرچی ئەمانە ناپاکیشە بەرانبەر کارەکە) سەیر ئەوەیە هەندێک جار کە دەبینن کابرای ئینگلیز !ئەوەندە روخۆش و میهرەبانە هەر تەواوی لە حەقەکەشیان دەبورن و دەڵێن ئەواکردمان بە خاتری میستەر کورد دەڵێت مشتێک نمونەی خەروارێکە و زانستی دیالەکتیکیش ئەو پیوەندییەی نێوان بەش و کۆی سەلماندووە، دە سەیری هەڵوێستی سیاسی کورد بکە و گوێ لە پەیوەندییە تەلەفونییەکەی جاک سترۆ بگرەو سەرنجی گەشبینی سەرکردایەتی سیاسی کورد بدە بەرانبەر قسە خۆشەکانی ئەمەریکاو لالە یاوەرو خۆت حوکم .بدە

دەوڵەتی ئیسرائیل کە کورە گەورەو جگەرگۆشەی ئەمەریکایە ئەوەندەی تۆزێک متمانە بە قسەی ئەمەریکاناکات، بەبێ بەڵگەی نوسراو یەک قسە وەرناگرێت، لالە گیان سیاسەت وایە سیاسەت دڵداری نییە بە ئیشارەت و چاوبازی ببرێنرێتەوە، با ئێمەش وابکەین: ئەگەر دەزانن وامان پێناکرێت بەررەحمەتی خوا کەون .ئاشششششششششششششششششششش بە تاڵڵ. ئیتر بابەس بێت درۆو دووروی لەگەڵ خەڵک

٢٠٠٤|٦|١٢

K.Nêt - 6/14/2004 16:12:8 www.Kurdistannet.org

# سەدام بە دەرپێی کورتەوە سکاڵای بەرەو جنێف بردەوە

دەرکەوتنی دیکتاتۆری دۆراو بە دەرپێی کورتەوە رۆژی هەینی ٢٠ی ئایاری ٢٠٠٥ لە رۆژنامەی The Sun ی بەریتانیدا هەراو هۆریایەکی سەیری نایەوە. وێنەکان بەسەرتاسەری جیهاندا بڵاو بوونەوەو کەناڵەکانی تەلەفیزیۆن بەووتەی The Sun خۆی رۆژی شەممە ٢١ی ئایار، لەسەرتاسەری جیهاندا گرنگییەکی بێهاوتایان پێدان. وێنەی سەدام بە دەرپێ قوتەوە لەسەر E-Bay لە ٣٠ پێنسەوە دەستیان پێکرد بەڵام شوکور بۆ خوا بازاریان هێند گەرم بوو لای ئێوارە خۆی دا لە ٤.٤٠ پاوەند. سەدام زۆر جار بە دەرپێی سەرخەرمانەوە وێنەی خۆی بەوپەری شانازییەوە بڵاوکردۆتەوە کاتێک لە دیجلەدا مەلەی دەکرد و هیچ دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆشیان نەبوو. وەلێ ئەمجارە بە دەرپێی کورتەوە جلکەکانی دەشوات و لەشوێنێکی دیکەدا سەرخەوێک دەشکێنێت زۆر سەرنجراکێشن !




رۆژنامەکە وتویەتی گوایە ئەو وێنانەی دیکتاتۆری لێکەوتەی لە سەرچاوە سەربازییە ئەمریکییەکانەوە وەرگرتووە و بەمەبەستی ئەوە بڵاودەکرێنەوە کە بەرهەڵستکاری لە عێراق لاواز ببێت. ئەوان لەسەر زاری ووتە

بێژە سەربازییەکانەوە کە ئەو وێنانەیان ئاشکراکردووە دەڵێن کە مەبەستیان ئەوەیە خەڵکی بزانن سەدام نە خواوەندەو نە سۆپەرمان سەدام دیکتاتۆرێکی دۆڕاوو لێکەوتەیە کە تا دوێنێ لەسەر ئاودەستی زێڕین دادەنیشت و دەستشۆرەکانی هەمووی زێڕبوون [Reuters] !بەڵام ئەمڕۆ بە کولۆڵی و داماوی خۆی بەدەستی خۆی جلەکانی خۆی دەشوات. پێدەچێت ئەو پەیامە بۆ ئەو هەزاران برا موسوڵمانەی بەریتانیا و شوێنانی دیکە بێت کە بەڕاستی سەدام بە ڕۆحی خواوەندو فریشتە دەزانن. [٩٩%ی موسوڵمانە پاکستانی و هیندییەکان سەدام بە ڕەمزی ئیسلام و بەرەنگاری کوفرو خۆرئاوا دەزانن.] شایانی باسە لە ڕۆژی شەممە ٢١ی ئایاری ٢٠٠٥ یشدا کۆمەڵێک وێنەی دیکەی هاوەڵەکانی دیکتاتۆری دۆڕاویان نیشاندا وەک سور بوون لەسەر بیروڕاکەیان سەرباری نیگەرانی سەرۆک بۆش کە لەبەر عەیبەو قسەی خەڵک ڕایگەیاند .
تا ئێرا مەسەلەکە زۆر ئاساییە، بەڵام کەناڵی ئەلجزیرە زۆر بەداخو پەژارەوە باسی ئەو مەسەلەیەی کردو وەک گەورەترین پێشێلکاری مافی مرۆڤ چاویلێکرد نەک هەر دەرهەق بە شەخسی سەدام بەڵکو دژی هەموو مرۆڤایەتی! خانمی بێژەر زۆر بەنەزاکەتەوە ووتی : ئێمە ئەو وێنانە لەبەر ئیعتیباراتی ئەدگاری و پیشەیی پەخش ناکەین. خۆ پارێزەرەکەی زیاد ئەلخەساونە ئەوە هەر لەقەی لە ئەستێران دەدا! دەیووت ئەمە گەورەترین تاوانە دەرهەق بە هەموو مرۆڤایەتی و دەبێت بەرەو جنێف ڕاپێچ بکرێت. شایانی باسە ڕێکخراوی خاچی سوری نێودەوڵەتیش ووتی ئەوە پێشێلکاری مافی دیلی جەنگە. نازانم کاتێک ١٨٢.٠٠٠ کورد ئەنفال کران ڕێکخراوی خاچی سوری جیهانی لەگوێی چ گاجووتێکدا خەوتبوو.
من دڵنیام کە بەگوێرەی جارنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ سوکایەتی کردن بە زیندانیان و بەتایبەتی دیلی جەنگ شتێکی یاساخە وەلێ سەدام کەنگێ پەیڕەوی هیچ پەیماننامەیەیک مافی مرۆڤی کردووەو کەی حیسابی بۆ هیچ جۆرە ئەدگارو بەهایەکی مرۆڤایەتی کردووە. لەلایەکی دیکەشەوە من نازانم سەدام تاوانباری جەنگە یان دیلی جەنگ!؟ لەم نوسراوە کورتەدا پێویست ناکات من هەموو تاوانەکانی سەدام بژمێرم بۆ خوێنەری کوردو پێدەچێت ئەرکێکی ئەوتۆش زۆر زۆری بوێت و زۆر هەڵبگرێت بەڵام من تەنها باسی "بەڕێوەبەرایەتی گشتی قەسابخانە مرۆییەکان" دەکەم المدیریە العامە للمذابح البشریە. ئەرێ کورپینە لەچ شوێنێکی دیکەی ئەم جیهانەدا حکومەتێک بە ڕەسمی و بە ئاشکرا فەرمانگەیەکی گەورەو گرانی هەبووە بە ناوی کوشتارگەی مرۆڤییەوە؟ ئەوەی باوەڕناکات با بچێت بەڵگەنامەکانی ئەمنە سورەکە بخوێنێتەوە کە دوایی لەلایەن Middle East Watchو Human Rights Watch ەوە ئاشکراکران.




ئەی ئەلجزیرە بۆ ناڵێیت کاتێک دیکتاتۆریان نیشاندا لە کونە بۆر دەرهێنراو ناودەمی پشکنرا بۆ چەکی کۆکوژ بۆ سوکایەتی نەبوو؟ کاتێک وێنەی دیلە عێراقییەکان نیشاندرا کە بەڕووتی سواریەککرابوون و سەربازی ئەمریکی لەدوایانەوە .... ئەوانیش نیشانیان دەدەدان بۆ سوکایەتی نەبوو. ئەی ئەو هەموو مرۆڤ سەربڕینە بۆ ناڵێیت کە هەتا ئێستا لەدەمیان نەهاتۆتە دەرەوە بڵێن کارێکی نەگریسە بەڵکو وەک پاڵەوانێتی و جیهادی پیرۆز چاویلێدەکەن .
ئەلجزیرەو زوڕناژەنەکانی بەناوی سوکایەتی کردنەوە بە قورئانی پیرۆزە لە زیندانێکی ئەمریکیدا هەراوهۆریایەکی دیکەیان نایەوەو بووە هۆی کوژرانی چەندەها کەسی گێل و ساویلکەو کولۆڵ لە ئەفغانستان و شوێنانی دیکە. من لەو باوەڕەدام کە سوکایەتیکردن بە قورئان و هەر کتێب یان باوەڕێکی دیکە کە مرۆڤەکان لەلایان پیرۆزەو باوەڕیان پێیەتی مەحکومە ئیتر ئیسلام بێت یان هیندۆس، مەسیحی بێت یان کاکەیی بەڵام ئەگەر سەربازێک یان کۆمەڵە سەربازێک کارێکی ئەوتۆ بکەن پێویستە ئەوە بەرەو دادگاو یاسای ئەو وڵاتە ببرێت نەک بکرێت بە ڕاگەیاندنی جیهادێکی فاشیل بەرانبەر هێزێکی گەورە کە ئەنجامەکەی دیارە چۆن دەبێت و بەهیچ جۆرێک نەسەلماوە کە ئەوە بیروڕای ئەو حکومەتەیەو حکومەتی ئەمریکی خۆی مەحکومی کردووە.
باشە کێ ئەوەندەی سەدام سوکایەتی بە قورئان کردووە؟ کێ بوو لە کاتی وێرانکردنی هەزاران گوندی کوردستاندا قورئان و مزگەوت و داروپەردووی پێکەوە دەسوتاند؟ کێ بوو مەرقەدی پیرۆزی شیعەکانی خاپور

دەکرد و سوکایەتی بە پێشەواکانیان دەکرد؟ کێ بوو کاتێک منالێکی داماو دەیوت توخوا دەیاندایە قاقای پێکەنین و دەیانووت خوا ئیجازەیە و کە دەیوت تو موحەمەد ئەبوجاسمیان بە تێلایەکەوە بانگ دەکرد بۆ وێزەی؟ ئەو دەمە زوڕنا ژەنانی ئەلجەزیرە لەتەک هێزەکانی سەدامدا لە کوردستان جیهادیان دەکرد. لەم دواییە برادەرێکی موسولمان لە دانیشتنی پرسەیەکدا دانی بەوەدا ناو بەمجۆرە ئاخافت: موسەلمانانی ولاتە عەرەبییەکان سەدامی زالم هەلی خەلەتاندبوون و ووتبووی گوایە دەچین غەزای کافران دەکەین بەلام کاتێک گەشتبونە کوردستان و مزگەوتەکانیان بینی بوو کۆلێک پەشێمان بووبوونەوەو بارێک خەفەتیان خواردبوو، بەلام ووتبوویان چیبکەین تازە هاتووین!

دیارە نەیانکردۆتە نامەردی و هەرەیەکە چەند کیژۆلەیەکی نازداری ئەنفال کردووەو بەدیاری بردویەتیەوە بۆ نەجد و حیجاز!!!

دیارە ئەدگارو ئەخلاق و مافی مرۆڤ شتێکی بەرجەستە نین و بەپێی بیروراو بۆچونی خەلکی دەگۆرێن و جیاوازن. ئەوەی لەلای کەسێک زۆر خراپە پێدەچێت لای کەسێکی دیکە زۆر باش بێت و هەموو بەها مرۆڤایەتییەکان بەو پێودانگە دارێژراون. هەربەوجۆرە لەلای جزیرە سەربرینی خەلک جیهادەو دەبێت بانگەشەی بۆ بکرێت بەلام نیشاندانی سەدام بە دەرپێ قوتەوە "گەورەترین پێشێلکاری مافی مرۆڤە ."

لەراستیدا ریسوابوونی سەدام زۆر لەسەدام بەولاوەترەو ئەوە راگەیاندنی رووی راستی ئەو نەزمی نوێی جیهانی و جیهانگیرییە کە نەک هەر سەدام لە کونە زیندانێکدا پەت دەکات بەلکو زەنگی کۆتایی هەموو دیکتاتۆرەکانە بەسەر گەلەکانیانەوە. ئەلجەزیرەو دۆست و هاودەردەکانی ناهەقیان نییە چونکە لەمەودوا ئەوەی قاتی دووەمی مالەکەی دروستبکات لە وەتەنی عەرەبیدا پێویستە موافەقەت لە واشنتۆنەوە بهێنێتەوە. شا عەبدولای ئەردەن بەو منالییەی خۆیەوە دەرکی بەوە کردووەو دوێنی فەرموی : گێژەلوکەیەکی گەورەی گۆران رووی کردۆتە ناوچەکەمان، خوا بەچاکی بگێرێت. ئەم سیستمە نوێیە نەک هەر سەدام وەلا دەنێت بەلکو ناهێلێت کەسێکی دیکەش ببێتە سەدام! ئەم نەزمە جیهانییە ئەگەرچی پێدەچێت بۆ نەتەوە ژێردەستەکان دەولەتی گەورەو سەربەخۆ بەدینەهێنێت بەلام دەولەتە گەورەو سەرکوتکەرەکانیش لەبەریەک هەلدەوەشێنێت و سەرکردەکانیان بەدەردی سەدام دەبات و مالەکانیان بەسەر بەشی مالاندا پەرشوبلاو دەکات. ئەوەش بۆ نەتەوەیەکی بێدەسەلات و هەمویشە زولملێکراوی وەک ئێمەی کورد وابزانم باشترین دەسکەوتە کە هەتا ئێستا خەونمان پێوە بینیبێت .

عەتا مەلا کەریم
بەریتانیا
21ی ئایاری ۲۰۰۵
21-5-2005 14:27www.kurdistannet.org

## کێشەی پەنابەران لەنێوان هۆکاری ئابوری و کۆمەلایەتی و مرۆڤایەتیدا...

هەر لە بنەرەتەوە مەسەلەی پەنابەری هۆکاری ئابوری و سایسی هەبووە بەر لە هەر هۆکارێکی دیکەی وەک مافی مرۆڤ و یارمەتی و فریاکەوتن و شتی لەو بابەتە. بەریتانیا ژمارەی دانیشتوانی لە ماوەی دوو جەنگە جیهانییەکەوە هەتا ئەمرۆش گۆرانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە. هەمیشە پێویستیان بە هێنانی خەلکانی دیکە بووە بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشاییە مرۆییەو بەگەرخستنایین لە کارگەو کارخانەو خواردنگاکانیاندا و یان وەک خۆیان دەلێن خزمەتاین بکەن و شەقامەکانیان بۆ گسک بدەن!

پێدەچێت لە قۆناغێکدا رەشپێستەکانیان هێنابێت بۆ ئەو مەبەستەو لە قۆناغێکی دیکەشدا خەلکی باشوری خۆرهەلاتی ئاسیاو بەتایبەتی هیند و پاکستان و بەنگەلادش. ئەوان چون لەوێ بانگەشەیان کردووە بۆ هێنانی کرێکاری هەرزان و وەک من ئاگادارم کرێی گەشتی فرۆکەو پێویستی نیشتەجێبوونیشیان بۆ

دابینکردون و ڕێگای کارگەکانیان نیشانداون و پێیشیان ووتون دەتوانن لە نزیکی خۆیان پەرستگا دروستبکەن و کە لەکار هاتنەوە لەویٚ هەر کەس بە شێوەی خۆی خوا یان هەر شتێکی دیکە کە ئەو بە پیرۆزی دەزانێت بیپەرستێت، بەڵام بەهیچ جۆرێک بیر لە سیاسەت و میاسەت و مەسەلەی دیکە نەکەنەوە چونەک بڤەیە.

ئەوانیش تا ئەودواییە هەر وایان کردووە، بەڵام ڕاکێشانی هەرچی زیاتری کەس و کارو خێڵ و عەشرەتەکانیان و بوونی ئاین بە تەوژمێکی توندڕەوی و تەشەنەکردنی بیروباوەڕی تیروریستی لەناو گەنجەکانیاندا، کە بێگومان بێجگە لە ئاین بە چەندەها هۆکاری ڕەگەزپەستی و هەڵاواردنی نەژادی و نا یەکسانی بەهێزکراوەو ئاین تەنها ڕوکەشی مەسەلەکەیە نەک ناوەرۆک و هۆ (لێرەدا بواری شیاکرکردنی نییە) ، ترسێکی بۆ نەتەوەی پیرۆزی ئینگلیز دروستکردووە کە ئەمانە ئەگەر لەیەک جۆر بن و لە چەند خاڵێکیووڵاتدا چەق ببەستن پێدەچێت زەرەری بۆ پەزەکان هەبێت؛ پەزەکانیش هەر شتێک زەرەری بۆیان هەبێت دەبێت لەبارە بخرێت.

باشترین چارە بۆ بەرگرتن لەو لافاوی ڕاکێشانی خزم و کەس و چەقبەستنی تایەفەگەری جیا لە ئینگلیز لە سەرزەمینی پیرۆزی ئینگلیزەکاندا کە تەنانەت هیتلەریش نەیتوانیوە دەستی چەپەڵی بگەیەنێتیٚ، بیرکردنەوە بوو لە قبوڵکردنی یاسای مافی مرۆڤی ئەوروپی ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٩٨ دا قبوڵیانکرد و خستیانە ژێر چارج (شەحن) تا لەساڵی ٢٠٠٠دا بوو بە یاساو دەستیانکرد بە جێبەجێکردنی. بەگوێرەی ئەو یاسا نوێیە ئەوەی دێتە وڵاتەوە بۆ ئەوەی بمێنێتەوە بۆ کارکردن نایەت و کۆچبەرێکی ئابوری نییە بەڵکو لێقەوماوێکی سیاسییەو ئێمەش وەک پارێزەری مافی مرۆڤ و سەرکردەی مرۆڤدۆستان دەیگرینە خۆ.

لەڕاستیدا پیاو حەق بڵێت ئینگلتەرە لە کۆنەوە داڵدەی گەلێک زانای گەورەی داوە کە لە نێوانیاندا کارل مارکسم لەبیرە، لەو بوارەدا نابێت نمەک بە حەرام بین. بەڵام وەرگرتنی خەڵک بە لێشاو بە ناوی پەنابەرانی سیاسیەوە هۆکاری ئابوری و سیاسی و کومەڵایەتی هەیەو ئەگەر کەسێک لێیان بە ئاگا بێت وابزانم تاوانێکی نەکردووە. ئەم پەنابەرە نوێیانە لە کوردەوە بیگرە تا سۆماڵی و لە بەرازیلییەوە بیگرە تا چینی؛ ڕەش و سپی و قاوەییان تێدایەو مەترسی ئەوەیان نییە کە ببنە یەک توخم و ئەگەری زیانیشیان بۆ پەزەکان زۆر دوورە.

لە ساڵی ٢٠٠٢ د ا ڕادەی ئەو پەنابەرانە گەیشتە بەرزترین ئاستی و ڕۆژنامەکان کردیان بە بنێشتە خۆشەی ژێر دانیان و لەولاشەوە پارتە شۆڤێنی و نەتەوەییە توندڕەوەکان کردیان بە هەراو ووتیان: کورە فریا کەون ئەو سەرزەمینەی کە ناپلیۆن و هیتلەر خەونیان بە داگیرکردنییەوە دەبینی ئەوا هەر بە کڵاو گیراو بەناوی لێقەوماوانەوە داگیرکرا.

پارتی کرێکاران بەرەو هەڵبژاردن دەچوو، هیچ چارێکی دیکەی نەبوو بێجگە لە وەرگرتنی لێشاوێکی باش خەڵک بۆ خستنەگەڕیان لە کارگەو کارخانەو کشتوکاڵ و بواری خواردن ئامادەکردنداو دوای ئەوەش بانگەوازی : کەس وەرناگرین و ئەوانەش کە لێرەن بەم زوانە دەیان نێرینەوە. دەستاین کرد بە ڕەفزکردنی خەڵک و بەبەرچاویشیانەوە ئەو خەڵکە دەچوو بە تەزویرو بە فرت وفێڵ دەستی دەکردەوە بە کارکردن؛ باجی دەدا بەبیٚ ئەوەی ناوی هەبێت لە لیستی باجدەراندا. هاتن ڕاوێژیان بە سەرمایەداران و خاوەن کارەکان کرد، ووتیان ئێمە کاری ڕەش قەدەغە دەکەین بەو جۆرە دەتوانین بەر لە لێشاوی پەنابەران بگرین، ئەوانیش ووتیان بە قوربانە نەکەن، کارەکان پەکیان دەکەوێت.

ئەم بارە بەو جۆرە مایەوە؛ دەوڵەت دەیزانی کە زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەس بە ڕەش کاردەکات و لە ساڵێکیشدا تەنها ژمارەیەکی یەکجار کەمیان بەرلێدەگرت. لەولاشەوە ئامارەکان دەیانووت ئەم ووڵاتە پێویستی بە ٦٠٠ هەزار کرێکاری بیانی هەیە.

هاتنی ژمارەیەکی زۆر ووڵاتی هەژارو داماو بۆ ناو کۆمەڵەی ئەوروپی وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دایەوە. خەڵکی ئەو ووڵاتانە دەهێنین بۆ کارکردن، ئەوان نە مافی پەنابەرییان هەیەو نە مەسرەفیان تیادەکەین.

ئەوان هەر نەبێت چاویان شینەو قژیان زەردەو هەر تۆزێک زمانیان زانی شەیتانیش لە خەڵکی وولات جیایان ناکاتەوە. ئەوان بە پێچەوانەی موسوڵمانەکانەوە کە ئەگەر خۆیشیان تیرۆریست نەبن ئەگەری هەڵهێنانی بەچکە تیرۆریستیان هەیە، لەو مەسەلانە زۆر دوورن. بە کەمترین کرێ کاردەکەن و زۆرترین کاژێر بەکاریان بهێنە هێشتا هەر ئەوان مەمنونن. ٤٠ پاوەند لە هەفتەیەکدا کە کرێی دوو کاژێر کاری ئینگلیزێکەو کرێی رۆژێکی کوردیک یان ئەفغانییەکە لە مەڵدۆڤیاو لاتڤیاو رۆمانیا ڕەنگە کرێی یەک مانگی بەڕێوەبەرێک بێت!

ئێستا ئەم میوانە نوێیانە جێگایان بە میوانە کۆنەکان لەق کردووەو کوردیش دەڵێت: میوان ڕقی لە میوانەو خانەخوێش لە هەردوولا!

www.kurdistannet.org٢٣:٨:٣٤ ٢٠٠٥/٢/٩

## پەنابەرانی کورد لە بەریتانیا و هەڵوێستی دەسەڵاتی کوردی

لە دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام و بوونی عێراق بە دووەم ئەزمونی ئەمریکاو بەریتانیا لەدوای ئەفغانستان، حکومەتی بەریتانی بڕیاریدا کە ئەو کوردانەی مافی پەنابەرییان وەرنەگرتووە لە نزیکترین فورسەتدا ڕەوانە بکاتەوە بۆ کوردستانی ئازاد و ووتی هیچ بیانویەک نەماوە بۆ پاراستنیان و ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردەکان KAZ- Kurdish Autonomous Zone ئازادە، وەلێ دڵیان بەرایی نەهات بڵێن کوردستان؛ من هەموو بەڵگە نامەکانم لەلایە کە لە دوای ٢٠ ی مارتی ٢٠٠٣ نوسراون لەسەر KAZ!

شایانی باسە حکومەتە کارتۆنییەکەی کەرەزای یەکسەر دوای دامەزراندنی، بڕیارێکی لەوجۆرەی ئیمزا کردو بووە هۆی ڕاپێچکردنی ئەفغانییەکان لە بەریتانیا. دیارە ڕەوانە کردنەوەی خەڵک لە وولاتانی ئەوروپاوە بۆ ئەو وڵاتانەی کە لێوەی هاتون کارێکی هەروا ئاسان نییەو مەسەلەیەکی وەک توڕەبوون و هەڵچونی لای خۆمان نییە و حسابی ووردی بۆ دەکرێت.

یەکەم مەرج دەبێت حکومەتی ئەو وولاتەی کە پەنابەرەکەی لێوە هاتووە قبوڵی بکات و بیسەلمێنێت کە ئەو پەنابەرە بەڵێ خەڵکی ئەو وڵاتەیەو هیچ مەترسییەکی لەسەر نییەو ژیان و ئاسایشی پارێزراوەو توشی هیچ جۆرە پێشێلکارییەکی مافی بەناو مرۆڤ نابێتەوەو ...هتد

کەم حکومەت هەیە لە دونیادا ئەو مەسەلەیە قبوڵ بکات یان ئەمان دڵنیا بن کە قبوڵی دەکات بێجگە لە حکومەتی کەرەزایی و حکومەتی هەرێمی کوردستان و سۆماڵ. سۆماڵ نێوانی خۆمان بێت لە بریتی هەر پەنابەرێکدا بڕێک پارە وەردەگرێت! ئیتر نازانم بۆ ئەوانی دیکە.

لەدوای ڕوخانی ڕژێمی سەدامەوە کومیساری باڵای نەتەوە یەککگرتووەکان تا ئێستا چەندەها جار وڵاتانی ئەوروپی وشیار کردۆتەوە کە : هیچ بەشێکی عێراق بە بڕوای ئەوان ئامن نییە. بەتایبەتی دوای تەقینەوەکانی هەولێری پایتەخت. دەتوانیت هەموو ئەو دۆکیومێنتانە لە ماڵپەڕی UNHCR Iraq Emergency دا بخوێنیتەوە. http://www.unhcr.ch/cgi-bin/texis/vtx/iraq

ئەمساڵ حکومەتی بەریتانی لەکاتێکدا عێراق و کوردستان بوو بە مەنزڵگای شەوو ڕۆژیان ئیتر ووتیان کاتی ئەوە هاتووە ئێمەش هیچ حساب بۆ نەتەوە یەککگرتووەکان نەکەین و ئەی خۆ حکومەتەکانی ئەو سەرزەمینەش کە خەڵک پێی دەڵێن عێراق هەموویان عایدی خۆمانن و هەرچی بنوسین بەبێ خوێندنەوە ئیمزای دەکەن!

بڕیاری یەکجاری سنورداش کردنەوەی کوردەکانیان دا. بەڵام پێیان زۆر بوو بڵێن کوردو ووتیان عێراقییەکان! لەکاتێکدا هەمووی کوردن و عەرەبەکان هەموویان شایانی مافی پەنابەری سیاسین.

خزمەکانی عەلی کیمیاوی لە لیدز بوونە خاوەنی کۆشک و ڤێللاو ڕۆژنامە بەریتانییەکان لەسەریان نوسیبوون و لەدوای ڕوخانی ڕژێمی سەدامیش هەرچی جەللادو پیاوکوژ و پیاوێکی موخابەرات هاتبێت دەستیان نەناوە بە

ڕویەوە و ووتویانە: ئەم پیاوە ئەگەر بنێرریتەوە ژیانی دەکەوێتە مەترسییەوە! ئیتر گرنگ نییە لەسەر چی پەردەوازە بووە.

بەڵام ئەوەی جێی داخە ووتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و مەکتەبی سیاسی پارتی بەجۆرێک چەواشەکەرن کە گوایە ئەوان ئاگایان لەو کەین و بەینانە نییە!

ئەگەر هەموو هەڵوێستەکانی دیکەشیان، لەو مەسەلانەدا کە من ئاگاداری نیم، بەو جۆرە بێت ئەوا من مەمنون.

## لێدوانێک لە مەکتەبی سیاسییەوە

مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەربارەی باری کوردە پەنابەرەکانی بەریتانیا ئەم لێدوانەی راگەیاند؛ وتەبیژێک بەناوی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: بیستوومانە حکوومەتی بەریتانیا خەریکی گرتن و دەرکردنی ئەو پەنابەرە کوردانەیە، کە تائێستا دەرفەتی ئیقامە وەرگرتن لەو وڵاتەیان پێنەدراوە، بۆیە نیگەرانیی خۆمان سەبارەت بەو بڕیارە رادەگەیەنین. ئەم هەڵوێستەی حکوومەتی بەریتانیا لە کاتێکدایە کە کێشەی دەستوور لە نێوان هەرێمی کورد و حکوومەتی عێراق نەبڕاوەتەوە و ئەو ناوچە کوردانەی تائێستا لەژێر دەستی حکوومەتی عێراقدان لە بارودۆخێکی نائاسایی و بێئەمنیەتی دەژین و نەگەڕاونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان، بۆیە کارێکی لەم چەشنەی دەزگا پەیوەندارەکانی بەریتانیا لە نیگەرانیی ئەو پەنابەرانە زیاد دەکات و دەبێتە مایەی ناڕەزایییەکی زۆر لە کوردستان، بۆیە داوا دەکەین بەریتانیا باری دەروونی ئەو پەنابەرانە و چارەنووسیان لەبەرچاو بگرێت و لە یاسای پەنابەرێتی بێبەشیان نەکات و هیچ کەسێک بەبێ ئیرادەی خۆی ناچار بە رۆیشتن نەکرێت.

عەتای مەلا کەریم

بەریتانیا کاتی بڵاوکردنەوە ٢٠٠٥/١٩/٨ ٢١:٤٣:٣٤

www.kurdisatnnet.org

## دەستوری عێراق تەواوە، گا گوڕواوە کلکی ماوە ...

*لەو دارستانە زەردەدا دووڕیانێک هەیە، بەڵام بمبورن*
*من ناتوانم بە هەردوکیاندا گەشت بکەم چونکە وەک*
*دەبینن من تەنها یەک ڕێبوارم. [ ڕۆبەرت فرۆست][4]*

---

[4] لە کتێبی " ١٠٠ پرسیار" ەوە وەرگیراوە.

زۆر لەسەر دەستوری عێراق وتراوەو نوسراوە، ئەو دەستورە وەک دەڵێن گوناهی پێوە نەماوە. بەندە لەو باوەڕەدایە کە ئەو دەستورە تەواوو بێعەیبەو هەموو ئەو ئامانجانە دەدات بە دەستەوە کە لەپێناویدا دارێژراوە وەک:

١. بەرپابوونی شەڕی ناوخۆ لە سەرتاسەری ئەو وڵاتەدا کە هەرگیز وڵاتێکی یەککگرتو نەبووە تەنها لەژێر ڕم و تیر و نێزەدا نەبێت.
٢. داسەپاندنی حوکمی شەریعەت کە بە بڕوای من هیچ ئاینێک لەگەڵ دەوڵەتدا نایەتەوە ئەگەر باسی فەرمانڕەوایی دیموکراسی و دەوڵەتێکی سەردەمیانە بکەین، ئیتر ئەو ئاینە ئیسلام بێت یان بوزی، کریستیان بێت یان کاکەیی. ئاین و دەوڵەت یان بەگشتیتر بڵێین ئایدۆلۆژیاو حوکم واتە دیکتاتۆرییەت و سەرکوت وحوکمی ئاگرو ئاسن. واتە ئەو تۆتێلیاریزمەی کە هیتلەرو ستالین و مۆسۆلینی و چەندەهای دیکە هەر یەکە بە شێوازێک و لەژێر ناوێکدا، کە خۆی و هەزارانی هاوبیری بە پیرۆزو سەرو ڕەخنەی زانیوە، پیادەی کردووە. من ڕاستم واتە حەقم، تۆ هەڵەیت واتە ناهەقیت دێیتە سەر ڕێبازەکەی من یان بتکوژم!
٣. نابەکامکردنی هەرێمی کوردستان.
٤. چەککردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.
٥. کوژاندنەوەی پزیسکی هەموو ئازادییە مەدەنییەکان و نابەکامکردنی مافەکانی مرۆڤ.

پێدەچێت شیکارکردنی برگە بە برگەی ئەو دەستورە پێویست نەبێت لە کاتێکدا کە تەنها مادەی دووەم ناسنامەی ئەو دەستورە دەدات بەدەستەوە.

مادەی دووەم: یەکەم-ئیسلام ئاینی فەرمی (ڕەسمی) دەوڵەتەو سەرچاوەی بنەڕەتی تەشریعە.[5]

پێویستە لێرەدا ئەوە ڕونبکەمەوە کە من بە تایبەت هیچ شتێکی دیاریکراوم نییە دژی ئاینی ئیسلام و لەم گوتەیەشدا نە ترس بەدی دەکەم و نە ماستاویش بۆ کەس سارد دەکەمەوە! بە بڕوای من ئاینی ئیسلام ئاینێکە وەک هەموو ئاینەکانی دیکە، هەمان شێوازی بیروباوەڕو ئایدیۆلۆژیاو لاهوتییەت و مەسەلەکانی دیکە بە ئاین دەیگرێتەوە. پێدەچێت لە سەردەمە مێژوییە جیاجیاکاندا هەر ئاینە پشکی خۆیشی هاویشتبێتە سەر تیرۆرو پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و کوشتوبڕ.[6]

دەوڵەت و ئاین دوو شتی لێکجیاوازن؛ یان ئەگەر کەسێک باس لە کۆمەڵگای مەدەنی بکات دەبێت یەکەم هەنگاو ئەو دوو شتە لەیەک جودابکاتەوە.

شۆڕشی فەڕەنسی شۆڕشێک نەبوو تەنها دژی پاشاو دەرەبەگایەتی، شۆڕشێک بوو بۆ دەرهێنانی دەسەڵات لە دەستی قەشەکان. ئەوان خوازیاری ئەوە نەبوون کە ئاین لەناوببرێت، لەڕاستدا مانیفێستی پارتی کۆمۆنیستیش داوایەکی وەهای بەرز نەکردەوە، بەڵکو ووتیان ئاین پەیوەندی هەیە بە بیروباوەڕو قەناعەتی تاکەکەسەکانەوەو پێویستە لە دەوڵەت و دەسەڵات جیابکرێتەوەو بەزۆر بەسەر کەسدا دانەسەپێت. لەهیچ شوێنێکیش دیاری نەکراوە ئەو ئاینە ئیسلامە یان جولەکە، مەسیحییە یان یەزیدی و بەهایی بەڵکو هەموو ئاینەکان دەگرێتەوە.

هەر ئاینێک بێت بە ئاینی فەرمی (ڕەسمی) وڵاتێک و ببێتە سەرچاوەی تەشریعی ئەو وڵاتە واتە دەسەڵاتی ڕەهاو تۆتالی دراوە بەو ئاینەو شەریعەتەکەی کردوە بە دەستور ئیتر باسکردن لە دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ و هەرشتێکی دیکە لە دەرەوەی شەریعەتی ئەو ئاینە شتێکی پوچ و بێبناغەیەو یەکسەر بەتاڵ دەبێتەوە.

دارێژەرانی ئەو دەستورە زۆر هۆشیارانە لە برگەی (ئەلف) دا ئەو مەسەلەیەشیان بەتەواوی چەسپاندوە:

ئەلیف: نابێت یاسایەک دابڕێژرێت دژی حوکمە جێگیرەکانی ئیسلام بێت.

---

[5] ئەو ڕستانەی کە بە ڕەنگی سور نوسراون لە دەقی وەرگێڕدراوی ڕەشنوسی دەستوری عێراقەوە وەرگیراون لە وەرگێڕانی سەنتەری ڕۆشنبیری پارێزەران.

[6] بڕوانە کتێبی " تیرۆریزم: چونە ناو ناخی دیاردەیەکی جیهانییەوە" نوسینی باری دەیڤس، وەرگێڕانی عەتای مەلا کەریم.

لێرەدا بە بڕوای من واتە بەشێکی زۆری مادەو بڕگەکانی ناو ئەو دەستورە پوچەڵ و بێبناغەن و هەر لە ئەمڕۆوە کەس بەهیوایان نەبێت.

ب: نابێت یاسایەک دابڕێژرێت دژی پرنسیپەکانی دیموکراتی بێت.

پێدەچێت ئەم بڕگەیە بۆیە دانرابێت کە دڵی کەس نەشکێنن، کە ئەمە لەسەرتاپای دەستورەکەدا هەستی پێدەکرێت و هەر ئەو باسکردنی مافی هەموو کەسەشە بە نیوەناچڵی و نابەکامی و بەگژاچونەوەی مادەو بڕگەکانی ئەو دەستورەیە وای لە من کردووە کە بە پرۆژەی شەڕێکی ناوخۆی خوێناوی بزانم نەک دەستور.

لە کۆمەڵگای مەدەنیدا هەموو کەس ئازادە تەنها لەو کاتەدا نەبێت کە ببێتە سەرچاوەی ئازارو ئازاری کەسانی دیکە بدات. لە مەسەلەی ئاین و زمان و جلوبەرگ و باوەڕو بێباوەڕی و هەڵسوکەوتی تایبەتی و ژیانی خۆیدا ئازادە و کەس بۆی نییە ڕێگای بۆ دیاریبکات. لەکاتێکدا ئەو کەسە منداڵ بێت ڕاستە ئەرکی دایکوباوک یان سەرپەرشتیکارانی یان دەوڵەتە کە سەرپەرشتی شێوازی ژیان و هەڵسوکەوتی بکەن تا دەبێتە کەسێکی پێگەیشتو. ئەمەش لەبەر ئەوەی کە توانا ژیری وجەستەییەکانی هێشتا نەگەیشتونەتە ئەو ڕادەیەی کە بەرژەوەندییەکانی خۆی و کەسانی دیکە بەباشی بناسێت و وەک کورد دەڵێت ڕەش و سپی لەیەک جیابکاتەوە.

دەستورێک ئەگەر بۆ کۆمەڵگایەکی مەدەنی داڕێژرابێت پێویستە ئەو ئازادییانە بەشێوەیەکی گشتگیرو بۆ هەموو کەس باسبکات نەک لەژێر شەریعەتی ئاینێکی دیاریکراودا بیانپلیشێنێتەوە ئیتر ئەو ئاینە هەر ئاینێک بێت. ئەگەر هەموو کەس ئازاد بێت لە باوەڕبوون بە هەر ئاینێک کە خۆی دەیخوازێت یان بە بێباوەڕی و بێئاینی ئیتر ئاینی فەرمی دەوڵەت بۆ؟ کە مەراسیم و ڕێورەسمی ئاینی بۆ هەموو کەس ئازاد بێت ئیتر لەخۆدانی حوسەینی بۆ دەبێت بەتایبەت باسبکرێت.

سیادەی عێراق یانی چی؟ سەدام تا بەکونەکەدا چووە خوارەوە هەر پێی لەسەر ئەوە دادەگرت. پێدەچێت کەس لاری لەوە نەبێت کە سیادەی دەوڵەتێک پارێزراو بێت دژی دەستدرێژیکەرانی بێگانە بەڵام ئەوان لێرەدا بە هەمان پێودانگی سەدام مەبەستیان کوردستانەو جیابونەوەی کوردستان یان هەوڵدان بۆی یان پلاندانان بۆی ئەوەیە لەدەستدانی سەروەرێتی و سیادەی نیشتمانی عێراق. سەدام کە کوڕە کوردەکانی لە سێدارە دەدا خۆ بە کارێکی خراپی نەدەزانی، ئەوانەی کە بەو کارە هەڵدەستان هەستیان بە هیچ تاوان و خراپەکارییەک نەدەکرد و زۆر بە پەرۆشەوە جێبەجێیان دەکرد چونکە دەستوری کاتی و هەمیشەیی سەدام ئەوەی چەسپاندبوو کە " هەر کەسێک بیەوێت بەشێک یان ناوچەیەک لە عێراق جیابکاتەوە و دابیبڕێت حوکمی لەسێدارەدانی بەسەردا دەچەسپێت" چونکە ناپاکی گەورەی کردووە بەرانبەر عێراقی مەزن کە لە تاکە یەک گەل پێکهاتووە. بە گوێرەی ئەو بڕگەیە ئەوەی کە کوردەکانی لەسێدارەدەدا ئەرکێکی نیشتمانی ئەنجامداوە بەپێی دەستور و کوردەکانیش خائین بوون بەرانبەر بەو دەستورە!

بەشێوەیەکی گشتی ئەو دەستورە بریتییە لە کۆمەڵێک ماف و ئەرکی تێکەڵ و پێکەڵ و دژ بەیەک کە بە شێوەیەک داڕێژراوە کە شەریعەتی ئیسلام یان ڕونتر بڵێین شەریعەتی شیعە تەوەرەی سەرەکییەتی.

www.kurdistannet.org 17-9-2005 23:20